
# سەرۆک بارزانی لەگەڵ ئەندامانی فراکسیۆنی پارتی دیموکراتی کوردستان لە پەرلەمانی کوردستان کۆبۆوە



سەرۆک مەسعود بارزانی لەگەڵ سەرۆک و ئەندامانی فراکسیۆنی پارتی دیموکراتی کوردستان لە پەرلەمانی کوردستان کۆبۆوە. لەو کۆبوونەوەیەدا سەرۆک بارزانی وتەیەکی پێشکەشی ئامادەبووان کرد و ڕۆشنایی خستە سەر ئەرکی میژوویی پارتی و ئەندامەکانی و جەختی لەوە کردەوە کە نوێنەرانی پارتی لە پەرلەمانی کوردستان نوێنەری میژوو و بەها و ئامانجەکانی پارتین. **(زیاتر لە ل2 بخوێنەوە)**


تا ژیان بەردەوام بێ، خەبات بەردەوامە

XEBAT

خەبات

ڕۆژنامەیەکی سیاسیی ڕۆژانەیە
ئۆرگانی پارتی دیموکراتی کوردستانە

ژمارە (5778) یەک شەممە 30ی حوزەیران 2019 «16» لاپەڕە «500» دینار


### سەرۆکی هەرێمی کوردستان لەگەڵ ئەنجوومەنی ئاسایشی نێودەوڵەتی کۆبوونەوە

# ئەنجومەنی ئاسایشی نێودەوڵەتی پشتگیریی خۆی بۆ بەرەوپێشچوونی پەیوەندییەکانی هەولێر - بەغدا نیشان دا



ئەنجومەنی ئاسایشی نێودەوڵەتی ڕۆڵی هەرێمی کوردستانی لە ڕووبەڕووبوونەوەی تیرۆر و هەواندنەوەی ئاوارە و پەنابەران و پاراستنی پێکهاتە ئایینی و نەتەوەییەکان بەرز دەنرخێنێت و خۆشحاڵی و پشتگیریی خۆی بۆ ئاساییبوونەوە و بەرەوپێشچوونی پەیوەندییەکانی هەولێر ـ بەغدا، نیشان دا. **(زیاتر لە ل3 بخوێنەوە)**

## فازڵ میرانی: گرنگە ڕەوشی شاری کەرکووک ئاسایی بکرێتەوە

دوێنێ شەمە 2019/6/29 لە بارەگای مەکتەبی سیاسی پارتی فازڵ میرانی سکرتێری مەکتەبی سیاسی پێشوازی لە کونسوڵی گشتی ئەمەریکا لە هەرێمی کوردستان (ستیف ڤاگن) و شاندی یاوەری کرد.

لە دانیشتنەکەدا وێڕای بەخێرهێنانی میوانەکان سکرتێری مەکتەبی سیاسی خۆشحاڵی خۆی دەربڕی بۆ ئەم دیدارە و دوا پێشهاتەکانی سیاسی هەرێمی کوردستان و عێراق و ناوچەکە و ئەو گۆڕانکارییە خێرایانە کە بە ناوچەکەدا گوزەر دەکات. **(زیاتر لە ل2 بخوێنەوە)**

## فراکسیۆنی پارتی: ئەستەمە کەسێکی دیکە بتوانێت وەکو عادل عەبدولمەهدی باڵانس ڕابگرێت

گوتەبێژی فراکسیۆنی پارتی دیموکراتی کوردستان لە ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق رایدەگەیەنێت، پارتی پشتیوانی لە مانەوەی عادل عەبدولمەهدی دەکات وەکو سەرۆکوەزیرانی عێراق، چونکە لە ئێستادا ئەستەمە کەسێکی دیکە بتوانێت ئەو هاوسەنگییە ڕابگرێت. **(زیاتر لە ل2 بخوێنەوە)**

### حکوومەتی هەرێمی کوردستان:

## دەبێ چەکدارانی پەکەکە لە گوندنشینان دوور بکەونەوە و نەیانخەنە مەترسییەوە

حکوومەتی هەرێمی کوردستان دەربارەی ڕووداو و بۆمبارانەکانی چەند ڕۆژی ڕابردووی ناوچە سنووریەکان، نیگەرانیی خۆی گەیاندووەتە تورکیا و داواکارن دووبارە نەبنەوە.
**(دەقی ڕاگەیەندراوەکە لە ل2 بخوێنەوە)**

## داعش لەنێو شاری کەرکووک خۆی بۆ کردەی تیرۆریستی ئامادە کردووە

لە چەند ڕۆژی ڕابردوودا تیرۆریستانی داعش ژمارەیەک کردەی تیرۆریستییان لەنێو سەنتەری شاری کەرکووکدا ئەنجام دا، بەڕێوەبەری ئاسایشی کەرکووکیش پێی وایە، داعش لەنێو شاری کەرکووکدا خۆی ئامادە کردووە و هێزە ئەمنییەکانی شارەکەش هیچ پلانێکیان بۆ بەرەنگاربوونەوەی پیلانەکانی داعش نییە. **(زیاتر لە ل2 بخوێنەوە)**

# ئەمڕۆ پەرلەمانی کوردستان کۆدەبێتەوە و پشووی پەرلەمانیش دردێژ دەکرێتەوە



دەستەی سەرۆکایەتیی پەرلەمانی کوردستان لە ڕاگەیەندراوێکدا بانگهێشتی گشت پەرلەمانتارانی کوردستان دەکات ئەمڕۆ یەکشەممە 2019/6/30 ئامادەی دانیشتنی ژمارە 9ی ئاسایی پەرلەمان بن، ئەندامێکی پەرلەمانی کوردستانیش ڕایدەگەیەنێت کە لە دەسەڵاتی سەرۆکی پەرلەمانە، پشووی پەرلەمان دردێژ بکاتەوە، بە مەرجێک لە مانگێک زیاتر نەبێت، لەکاتێکدا ئەگەر 25 پەرلەمانتار پێشنیاری دردێژکردنەوەی پشووی پەرلەمان بکەن، ئەوکات دەتواندرێت پشووەکە دردێژ بکرێتەوە. **(زیاتر لە ل3 بخوێنەوە)**

## دۆناڵد ترەمپ: ئەردۆغان دەیویست بەتەواوەتی کورد لەناوبەرێت

دۆناڵد ترەمپ، سەرۆکی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا لە کۆنفرانسە ڕۆژنامەوانییەکەیدا لە پەراوێزی لووتکەی G20 لە ژاپۆن، ئاشکرای دەکات لەو کاتەی تورکیا ویستوویەتی هێرش بکاتە سەر ڕۆژئاوای کوردستان، ئەو پەیوندی بە ئەردۆغانەوە کردووە و پێی ڕاگەیاندووە کە هێرش نەکاتە سەر کوردانی ڕۆژئاوا. **(زیاتر لە ل2 بخوێنەوە)**



## ئەمساڵ زۆرترین قوتابی لە زانکۆ و پەیمانگاکان وەردەگیرێن

بڕیاردەری لیژنەی پەروەردە و خوێندنی باڵا ئاشکرای کرد، ئەمساڵ هەوڵ دەدرێت زۆرترین قوتابیی دەرچووی دوازدەیی ئامادەیی لە زانکۆ و پەیمانگاکان وەربگیرێن و دەشڵێ، پەرلەمان بەدواداچوون بۆ داخوازیی قوتابیانی دەرچوو دەکات. **(زیاتر لە ل6 بخوێنەوە)**



## عەبدولغەنی عەلی یەحیا

### نووسەر و ڕۆژنامەنووس کۆچی دوایی کرد

شەوی شەممە 2019/6/28 عەبدولغەنی عەلی یەحیا، نووسەر و تیۆرەر و ڕۆژنامەنووسی ناسراوی کورد، بەهۆی نەخۆشییەوە لە تەمەنی 76 ساڵیدا کۆچی دوایی کرد و لە گۆرستانی کەسنەزان بەخاکسپێردرا. خوالێخۆشبوو لە ڕۆژنامەی خەبات دەیان وتاری بلاوبۆتەوە و ماوەیەکیش گۆشەیەکی ڕۆژانەی بەناوی ڕۆژەڤ لە خەبات هەبوو.
**(زیاتر لە ل5 بخوێنەوە)**



## هاوواڵتیان گلەییان لە گرانبوونی نرخی هێلکە هەیە

زیاتر لە یەک مانگە هاوردەکردنی هێلکە بۆ کوردستان و عێراق ڕاگیراوەو هەرێمی کوردستانیش پابەندی بڕیارەکەی حکومەتی عێراقە، بۆیە نرخی هێلکە لە بازاڕەکانی کوردستان بەرز بۆتەوەو گلەیی و گازاندەی هاوواڵتیانی بەدوای خۆیدا هێنا سەبارەت بەو بابەتە وەک ڕۆژنامەی خەبات ئەو ڕاپۆرتەمان ئامادەکرد. **(زیاتر لە ل7 بخوێنەوە)**

www.xebat.net
یەک شەممە 2019/6/30 ژمارە (5778)
خەبات

### سەرۆک بارزانی لەگەڵ ئەندامانی فراکسیۆنی پارتی لە پەرلەمانی کوردستان کۆبۆوە

# سەرۆک بارزانی: پێویستە نوێنەرانی پارتی بەرگریکاری ویست و ئێش و ئازارەکانی خەڵکی کوردستان بن



ڕۆژی پێنجشەممە 27ی6ی2019 لە سەلاحەددین سەرۆک مەسعود بارزانی لەگەڵ سەرۆک و ئەندامانی فراکسیۆنی پارتی دیموکراتی کوردستان لە پەرلەمانی کوردستان کۆبۆوە.
لەو کۆبوونەوەیەدا سەرۆک بارزانی وتەیەکی پێشکەشی ئامادەبووان کرد و ڕۆشنایی خستە سەر ئەرکی مێژوویی پارتی و ئەندامەکانی و جەختی لەوە کردەوە کە نوێنەرانی پارتی لە پەرلەمانی کوردستان نوێنەری مێژوو و بەها و ئامانجەکانی پارتین و، پێویستە نوێنەرانی پارتی لە پەرلەمان لە ئاست ئەو بەرپرسیارێتییە بن کە لەسەر شانیانە و بەرگریکاری ویست و ئێش و ئازارەکانی خەڵکی کوردستان بن. جەختیشی لەوە کردەوە کە ئەندام و نوێنەرانی پارتی دەبێ ڕاستگۆ بن لەگەڵ خەڵک و داواکارییەکانی خەڵک بگەیەننە شوێنی مەبەست و هیچ کاتیش لە موزایەدە کردن و قسەی بێ عەمەل نزیک نەبنەوە. هەر لەو کۆبوونەوەیەدا سەرۆک بارزانی لەبارەی دوایین گۆڕانکارییە سیاسییەکان لە ئاستی نێودەوڵەتی و هەرێمایەتی و پەیوەندییەکانی نێوان هەولێر و بەغدا و پرۆسەی سیاسیی هەرێمی کوردستان بەرچاوڕوونی و ئامۆژگاریی پێویستی خستەڕوو.

### حکوومەتی هەرێمی کوردستان:

## دەبێ چەکدارانی پەکەکە لە گوندنشینان دووربکەونەوە و نەیانخەنە مەترسییەوە

دوێنێ شەممە 2019/6/29 حکوومەتی هەرێمی کوردستان ڕاگەیەندراوێکی بڵاوکردەوە کە تیایدا هاتووە "حکوومەتی هەرێمی کوردستان دەربارەی ڕووداو و بۆمبارانەکانی چەند ڕۆژی ڕابردووی ناوچە سنوورییەکان، نیگەرانیی خۆی گەیاندووەتە تورکیا و داواکارین دووبارە نەبنەوە". ئەمەش دەقی ڕاگەیەندراوەکەیە:
حکوومەتی هەرێمی کوردستان دڵگرانی و نیگەرانیی قووڵی خۆی بۆ کەوتنەوەی قوربانیانی سڤیل لە ئەنجامی بۆمبارانی ناوچە سنوورییەکان لەگەڵ تورکیا دەردەبڕێت و سەرەخۆشی لە خانەوادە و کەسوکاریان دەکات.
هەبوونی چەکدارانی پەکەکە لەو ناوچانە و نزیکبوونەوە و هاتنی بەئەنقەستیان بۆ ناو گوند و ئاوایییەکان، بێباکانە ژیانی گوندنشینانی ئەو ناوچانەی خستووەتە مەترسییەوە، هەروەها بووەتە ڕێگر لە گەڕانەوەی ژیان و ئاوەدانکردنەوەیان.
حکوومەتی هەرێمی کوردستان قبووڵ ناکات و ڕێگە نادات خاکەکەی بۆ هێرشکردنەسەر و تێکدانی ئاسایشی وڵاتانی دراوسێ بەکار بهێنرێت و بەو هۆیەوە ژیانی هاووڵاتیانی هەرێمی کوردستان بکەوێتە مەترسییەوە.
ناوچە گوندنشینەکانی سنوور دەبێ نەکرێنە مەیدانی پێکدادانی سەربازی و بۆمباران، چەکدارانی پەکەکەش دەبێ لە گوندنشینان دووربکەونەوە و نەیانخەنە مەترسییەوە.
حکوومەتی هەرێمی کوردستان دەربارەی ڕووداو و بۆمبارانەکانی چەند ڕۆژی ڕابردووی ناوچە سنوورییەکان، نیگەرانیی خۆی گەیاندووەتە تورکیا و داواکارین دووبارە نەبنەوە.

**2019/6/29**

# فازڵ میرانی: گرنگە ڕەوشی شاری کەرکووک ئاسایی بکرێتەوە



دوێنێ شەممە 2019/6/29 لە بارەگای مەکتەبی سیاسی پارتی فازڵ میرانی سکرتێری مەکتەبی سیاسی پێشوازی لە کونسوڵی گشتی ئەمەریکا لە هەرێمی کوردستان (ستیف ڤاگن) و شاندی یاوەری کرد.
لە دانیشتنەکەدا وێڕای بەخێرهێنانی میوانەکان سکرتێری مەکتەبی سیاسی خۆشحاڵی خۆی دەربڕی بۆ ئەم دیدارە و دوا پێشهاتەکانی سیاسی هەرێمی کوردستان و عێراق و ناوچەکە و ئەو گۆڕانکارییە خێرایانە کە بە ناوچەکەدا گوزەر دەکات. هەروەها بیروڕا لەبارەی ناسەقامگیری شاری کەرکووک و ناوچە جێناکۆکەکان ئاڵوگۆڕ کراو هەروەها سکرتێری مەکتەبی سیاسی جەختی لەوە کردەوە کە گرنگە ڕەوشی کەرکووک ئاسایی بکرێتەوە.
سکرتێری مەکتەبی سیاسی ئاماژەی بەوەش کرد کە گەشبینە لەمەڕ پرۆسەی سیاسی کوردستان و پەیوەندی نێوان لایەنەکان بە گشتی و هەنگاوەکانی پێکهێنانی کابینەی نوێی حکوومەتی هەرێمی کوردستان.
لای خۆیەوە کونسوڵی گشتی ئەمەریکا سوپاسی سکرتێری مەکتەبی سیاسی کرد بۆ ئەم دیدارە و پەرۆشی کونسوڵخانەی ئەمەریکای دووپاتکردەوە بۆ پەرەپێدانی پەیوەندییەکانی نێوان هەردوولا و خۆشحاڵی خۆشی دەربڕی لە بارەی هەنگاوەکانی پێکهێنانی حکوومەتی هەرێمی کوردستان و باشتربوونی پەیوەندییەکانی نێوان حکوومەتی هەرێمی کوردستان و بەغدا.

### پارتی پشتگیریی تەواو لە مانەوەی عادل عەبدولمەهدی دەکات وەکو سەرۆکوەزیرانی عێراق

# فراکسیۆنی پارتی: ئەستەمە کەسێکی دیکە بتوانێت وەکو عادل عەبدولمەهدی باڵانس ڕابگرێت

گوتەبێژی فراکسیۆنی پارتی دیموکراتی کوردستان لە ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق ڕایدەگەیەنێت، پارتی پشتیوانی لە مانەوەی عادل عەبدولمەهدی دەکات وەکو سەرۆکوەزیرانی عێراق، چونکە لە ئێستادا ئەستەمە کەسێکی دیکە بتوانێت ئەو هاوسەنگییە ڕابگرێت.
د.ئارام ناجی باڵەتەیی، بە ماڵپەڕی فەرمیی پارتیی ڕاگەیاندووە: لە نێو کوتلە سیاسییەکانی عێراقدا هەوڵێک هەیە بۆ دوورخستنەوەی عادل عەبدولمەهدی بە بیانووی جیاجیا، بەڵام فراکسیۆنی پارتی پشتگیریی تەواو لە مانەوەی سەرۆکوەزیرانی عێراق دەکات، چونکە پێمان وایە ناوبراو بە باشی لە ڕەوشی عێراق تێدەگات و دەزانێت گرفتی ئەو وڵاتە چییە، لەناو زۆربەی سیاسییەکانی عێراقیشدا تاکە کەسە لە چەمکی فیدراڵی بە تەواوی تێدەگات.
باڵەتەیی گوتیشی: لە کابینەی ئێستادا بە سەرۆکایەتیی عەبدولمەهدی، گرفت و کێشەکان بچووکتر بوونەتەوە، چونکە ناوبراو بڕوای بە دابەشکردنی دەسەڵات هەیە و دژی مەرکەزییەتە و پێچەوانەی شۆڤێنییەکانە، هەروەها لایەنە شیعییەکانیش گەیشتوونەتە ئەو بڕوایەی لەو قۆناغەدا ناتوانن لەسەر کاندیدێک بۆ جێگرتنەوەی سەرۆکوەزیران ڕێک بکەون. ڕوونیشی کردەوە: بە هۆی ململانێ و ناکۆکیی نێوان ئەمەریکا و ئێرانەوە، ئێستا ناوچەکە بە قۆناغێکی زۆر هەستیاردا تێدەپەڕێت، بۆیە ئەستەمە کەسێکی دیکە بتوانێت ئەو باڵانسە ڕابگرێت و نەبێتە لایەنگری هیچ کامیان.



### من پێمگوت نابێت ئەو کارە بکەیت و ئەوانیش نەیانکرد

# دۆناڵد ترەمپ: ئەردۆغان دەیویست بەتەواوەتی کورد لەناوبەرێت



**K24**: دۆناڵد ترەمپ، سەرۆکی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا لە کۆنفرانسە ڕۆژنامەوانییەکەیدا لە پەراوێزی لووتکەی G20 لە ژاپۆن، ئاشکرای دەکات لەو کاتەی تورکیا ویستوویەتی هێرش بکاتە سەر ڕۆژئاوای کوردستان، ئەو پەیوەندی بە ئەردۆغانەوە کردووە و پێی ڕاگەیاندووە کە هێرش نەکاتە سەر کوردانی ڕۆژئاوا.
ترەمپ دەشڵێت: تورکیا کەیسێکی سەرنجڕاکێشە، سەرۆکی تورکیا، یەکێکی دیکەیە کە پەیوەندییەکی باشم لەگەڵی هەیە، سەرۆک ئەردۆغان کەسێکی توندە، بەڵام پەیوەندییەکی باشم لەگەڵی هەیە بۆ نموونە ئەو کێشەیەکی گەورەی لەگەڵ کورد هەیە و هەموو کەسێکیش ئەوە دەزانێت. دەشڵێت: ئەو دەیویست بەتەواوەتی کورد لەناوبەرێت و نزیکەی 65 هەزار سەربازی لەسەر سنوور کۆکردبۆوە. ئەوانەی کە هاوکارمان بوون بۆ لەناوبردنی داعش و خەلافەتەکەیان. منیش داوام لێکرد ئەو کارە نەکات.
لە درێژەی قسەکانی سەرۆکی ئەمەریکا گوتی: کوردەکان دوژمنی سروشتی تورکیان، بەڵام ئەردۆغان ئەو کارەی نەکرد. ئەوان ڕیزیان گرتبوو و ئامادەبوون ئەو خەڵکە لەناوبرن کە لەگەڵ ئێمە داعشیان لەناوبرد، منیش پێمگوت نابێت ئەو کارە بکەیت و ئەوانیش نەیانکرد".

### هیچ هەماهەنگییەک لە نێوان دەزگا ئەمنییەکان و هاووڵاتیانی کەرکووکدا نییە


# بەڕێوەبەری ئاسایش: داعش لەنێو شاری کەرکووک خۆی بۆ کردەی تیرۆریستی ئامادە کردووە

لە چەند ڕۆژی ڕابردوودا تیرۆریستانی داعش ژمارەیەک کردەی تیرۆریستییان لەنێو سەنتەری شاری کەرکووکدا ئەنجام دا، بەڕێوەبەری ئاسایشی کەرکووکیش پێی وایە، داعش لەنێو شاری کەرکووکدا خۆی ئامادە کردووە و هێزە ئەمنییەکانی شارەکەش هیچ پلانێکیان بۆ بەرەنگاربوونەوەی پیلانەکانی داعش نییە.
عەمید ئیدریس ڕەفعەت، بەڕێوەبەری ئاسایشی کەرکووک، بە ماڵپەڕی فەرمیی پارتی ڕاگەیاندووە: ڕەوشی ئەمنیی شاری کەرکووک ئاڵۆزە و هۆکارەکەی بەشێکی بۆ بێدەسەڵاتیی دەزگا ئەمنییەکانی ئەو شارە دەگەڕێتەوە، ڕۆژانی ڕابردوو ژمارەیەک کردەی تیرۆریستی لە نێو شاری کەرکووک ڕوویان دا و چەند تەقینەوەیەک ئەنجام دران و هێرشیش کرایە سەر هێزەکانی عێراقی لە بەردەم نەخۆشخانەی ئازادی، کە ژمارەیەک شەهید و بریندراری لێکەوتەوە.
گوتیشی: داعش بە شێوەیەکی باش توانیویانە خۆیان ڕێکبخەنەوە، بە تایبەتی لە سنووری قەزا و ناحیەکانی کەرکووک بە شێوەی پارتیزانی بەنێو ناوچەکەدا دەگەڕێن و دەستی خۆیان دەوەشێنن، لەنێو سەنتەری شاری کەرکووکیش شانەی نووستووی زۆری هەیە، هەروەها بەپێی زانیاریی ئێمە لە گەڕەکەکانی ناوەڕاست و خوارووی کەرکووک تیرۆریستانی داعش خۆیان بۆ ئەنجامدانی کردەوەی تیرۆرستی ئامادە کردووە.
ڕەفعەت ڕوونیشی کردەوە: ئەو هێزانەی لە کەرکووکن و مەلەفی ئەمنیی شارەکەیان بەدەستەوەیە، خەڵکی ئەو ناوچەیە نین، لەبەر ئەوەش هیچ پلانێکی ئەوتۆیان بۆ پاراستنی کەرکووک و ڕەوشی ئەمنیی شارەکە نییە، خەڵکێک لە ئەندامانی هێزە ئەمنییەکان لە دەرەوە هاوردە کراون و باوەڕیان بە کۆنترۆڵکردنی ڕەوشی ئەمنیی کەرکووک نییە، هەر ئەوەش هۆکارە هاووڵاتیانی دانیشتووی کەرکووک هاوکار نەبن لەگەڵ هێزە ئەمنییەکانی ئەو شارە و هیچ هەماهەنگییەک لە نێوان دەزگا ئەمنییەکان و هاووڵاتیاندا لە کەرکووک نییە .



### سەرۆکی هەرێمی کوردستان لەگەڵ ئەنجوومەنی ئاسایشی نێودەوڵەتی کۆبووەوە

# ئەنجومەنی ئاسایشی نێودەوڵەتی پشتگیریی خۆی بۆ بەرەوپێشچوونی پەیوەندییەکانی هەولێر- بەغدا نیشان دا



ئەنجومەنی ئاسایشی نێودەوڵەتی ڕۆڵی هەرێمی کوردستانی لە ڕووبەڕووبوونەوەی تیرۆر و حەواندنەوەی ئاوارە و پەنابەران و پاراستنی پێکهاتە ئایینی و نەتەوەییەکان بەرز دەنرخێنێت و خۆشحاڵی و پشتگیریی خۆی بۆ ئاسایی‌بوونەوە و بەرەوپێشچوونی پەیوەندییەکانی هەولێر ـ بەغدا، نیشان دا.

دوێنێ شەمە 29/6/2019 لە بەغدا بەڕێز نێچیرڤان بارزانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان لەگەڵ بەڕێزان هەر پازدە ئەندامی ئەنجومەنی ئاسایشی نێودەوڵەتی بە یاوەریی بەڕێز نوێنەری تایبەتی سکرتێری گشتیی نەتەوە یەکگرتووەکان لە عێراق کۆبووەوە.

لە کۆبوونەوەکەدا کە خاتوو د. ڤالا فەرید سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان و نوێنەرانی وەزارەتی دەرەوەی عێراق و ژمارەیەک لە بەرپرسانی حکوومەتی هەرێمی کوردستان ئامادەبوون، ئەندامانی ئەنجومەنی ئاسایشی نێودەوڵەتی خۆشحاڵیی خۆیان بە کۆبوونەوە لەگەڵ بەڕێز سەرۆکی هەرێمی کوردستان دەربڕی و پیرۆزبایی دەستبەکاربوونیان لێکرد.

## نێچیرڤان بارزانی و بەرهەم ساڵح کۆبوونەوە



دوێنێ شەمە 2019/6/29 دوای کۆبوونەوەی لەگەڵ ئەندامانی ئەنجومەنی ئاسایشی نێودەوڵەتی لە بەغدا، بەڕێزان نێچیرڤان بارزانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان و د.بەرهەم ساڵح سەرکۆماری عێراق کۆبوونەوە.

لە کۆبوونەوەکەدا ئەنجامی کۆبوونەوەی بەڕێز سەرۆکی هەرێمی کوردستان و ئەندامانی ئاسایشی نێودەوڵەتی، پەیوەندییەکانی حکوومەتی فیدراڵی عێراق و هەرێمی کوردستان، دۆخی ناوچەکانی مادەی 140 و مەترسیی سەرهەڵدانەوەی تیرۆر و گرنگیی هەماهەنگی و هاوکاریی هەولێر و بەغدا و دۆخی ناوچەکە بەگشتی، تاوتوێ کرا.

## دانووستانەکانی نێوان هەرێمی کوردستان و بەغدا به چاودێریی نەتەوە یەکگرتووەکانە

بڕیاردەری لیژنەی ئاسایش و بەرگریی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق گوتی، دوای سەردانی سەرۆکی هەرێم بۆ بەغدا بڕیار دراوە بە پێکهێنانی لیژنەیەک بۆ چارەسەرکردنی کێشەی ناوچە کوردستانییەکان و ئاساییکردنەوەی دۆخی ئەو ناوچانە و لیژنەکە پێک هاتووە و چەندین کۆبوونەوەی کردووە و نەتەوە یەکگرتووەکانیش تێیدا ئەندامە و دانووستانەکان بە چاودێریی ئەوان بەڕێوە دەچن و چاوەڕێ دەکەین بگەنە ئەنجامێک.

ناسر هەرکی، بڕیاردەری لیژنەی ئاسایش و بەرگریی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق، بە ماڵپەڕی فەرمیی پارتیی ڕاگەیاندووە: دوای ئەوەی سەرۆکی هەرێمی کوردستان سەردانی بەغدای کرد، لەگەڵ سەرۆکوەزیرانی عێراق ڕێککەوتن کە لیژنەیەک لە هەرسێ پێکهاتەی عەرەب و کورد و تورکمان پێکبێت و نەتەوە یەکگرتووەکانیش تێیدا ئەندامە و تا ئێستاش چەندین کۆبوونەوە کراوە و کۆبوونەوەکان بە چاودێریی نەتەوە یەکگرتووەکان بەڕێوە دەچن، بۆ ئەوەی بگەنە ئەنجامێک.

ناسر هەرکی گوتیشی: ناکرێت دۆخی ئەو ناوچانە بەو شێوەیە بەردەوام بێت و پێویستە چارەسەر بکرێت، چونکە خەڵکی ئەو ناوچانە نارازین و داوای ئاساییکردنەوەی دۆخی ئەو ناوچانە دەکەن. گوتیشی: ئەم جارە گەشبینین کە ئەو لیژنەیە بگاتە ئەنجامێک، چونکە بە چاودێریی نەتەوە یەکگرتووەکانە و ئەوان چاودێریی کۆبوونەوەکان دەکەن.

## شێخ محەمەد بن زاید پیرۆزبایی لە نێچیرڤان بارزانی دەکات





لە پەیوەندییەکی تەلەفۆنیدا لەگەڵ بەڕێز نێچیرڤان بارزانی، سەرۆکی هەرێمی کوردستان، بەڕێز شێخ محەمەد بن زاید ئالنهەییان جێنشینی ئەبو زەبی و جێگری فەرماندەی باڵای هێزە چەکدارەکانی ئیماراتی یەکگرتووی عەرەبی، پیرۆزبایی دەستبەکاربوونی لە بەڕێزیان کرد و هیوای سەرکەوتنی بۆ خواست.

لای خۆیەوە بەڕێز سەرۆکی هەرێمی کوردستان سوپاسی بەڕێز شێخ محەمەد بن زایدی کرد و پێزانینی هەرێمی کوردستانی بۆ پشتگیری و هاوکارییەکانی ئیماراتی یەکگرتووی عەرەبی دووپات کردەوە، بەتایبەتیش بۆ ئاوارەکانی عێراق لە هەرێمی کوردستان، هەروەها تیشکی خستە سەر ڕۆڵ و چالاکییەکانی دەستەی مانگی سووری ئیماراتی و دامەزراوەی ئەلخەلیفە بۆ هاوکاریی مرۆیی و سوپاسی هاوکارییەکانیانی کرد.

لە پەیوەندییە تەلەفۆنییەکەدا کە ڕۆژی پێنجشەممە 2019/6/27 ئەنجامدرا، هەردوولا جەختیان لە پتەوکردنی پەیوەندییەکانی ئیماراتی یەکگرتووی عەرەبی و هەرێمی کوردستان و برەودان بە هاوکاری و هەماهەنگیی نێوانیان کردەوە.

### سەعید هەرکی بۆ «خەبات»: ئێمە چاوەڕێی لایەنەکان دەکەین بۆ ئەوەی کاندیدی خۆیان پێشکەش بکەن

# ئەمڕۆ پەرلەمانی کوردستان کۆدەبێتەوە و پشووی پەرلەمانیش درێژ دەکرێتەوە

کابینەی حکوومەتی هەرێمی کوردستان ڕایگەیاند: ئێمە چاوەڕێی لایەنەکان دەکەین بۆ ئەوەی کاندیدی خۆیان پێشکەش بکەن، بەڵام ئەگەر هاتوو لە ماوەی ئەو 30 ڕۆژەی وەک ماوەی یاسایی خراوەتە بەردەم سەرۆکی ڕاسپێردراوی حکوومەت و سەرۆکی ڕاسپێردراویش ناوی کاندیدانی کابینەکەی خستە بەردەم پەرلەمان، ئەوکات متمانە بە کابینەکەی دەدرێت و هەر لایەنێکیش نەیتوانی کاندیدی خۆی پێشکەش بکات، ئەوکات شوێنەکانیان بە بەتاڵی دەمێنێتەوە.




**خەبات: شاخەوان برایم عەبدوڵڵا**

دەستەی سەرۆکایەتیی پەرلەمانی کوردستان لە ڕاگەیەندراوێکدا بانگهێشتی گشت پەرلەمانتارانی کوردستان دەکات ئەمڕۆ یەکشەممە 2019 /6/30ئامادەی دانیشتنی ژمارە 9ی ئاسایی پەرلەمان بن، ئەندامێکی پەرلەمانی کوردستانیش ڕایدەگەیەنێت کە لە دەسەڵاتی سەرۆکی پەرلەمانە، پشووی پەرلەمان درێژ بکاتەوە، بە مەرجێک لە مانگێک زیاتر نەبێت، لەکاتێکدا ئەگەر 25 پەرلەمانتار پێشنیاری درێژکردنەوەی پشووی پەرلەمان بکەن، ئەوکات دەتواندرێت پشووەکە درێژ بکرێتەوە.

سەعید هەرکی، پەرلەمانتاری کوردستان لە فراکسیۆنی پارتی لە لێدوانێکی تایبەتدا بۆ ڕۆژنامەی خەبات، ڕایگەیاند: درێژکردنەوەی پشووی پەرلەمان لە دەسەڵاتی سەرۆکایەتیی پەرلەماندایە، لەکاتێکدا ئەگەر 25 پەرلەمانتار پێشنیاری درێژکردنەوەی پشووی پەرلەمان بکەن. هەروەها ئەو ئەندامەی پەرلەمان لە فراکسیۆنی پارتی، گوتیشی: کۆبوونەوەی ئەمڕۆی پەرلەمان بۆ درێژکردنەوەی پشووی پەرلەمانە، سەبارەت بە ماوەی درێژکردنەوەکەش، گوتی: سەرۆکایەتیی پەرلەمان بۆی هەیە پشووی پەرلەمان بۆ یەک مانگ درێژ بکاتەوە. سەعید هەرکی لە فراکسیۆنی پارتی، سەبارەت بە متمانەدان بە

## برایان هووک: ئەمەریکا سزای هەر وڵاتێک دەدات نەوت لە ئێران بکڕێت

**ڕووداو/**ئەمەریکا فشارەکانی بۆسەر کەرتی نەوتی ئێران چڕتر کردووەتەوە و سزای هەر وڵاتێکیش دەدات نەوت لە ئێران بکڕێت. برایان هووک، نوێنەری ئەمەریکا بۆ ئێران و ڕاوێژکاری وەزارەتی دەرەوەی ئەمەریکا ڕایگەیاند؛ ئەمەریکا سزای هەر وڵاتێک دەدات کە نەوت لە ئێران بکڕێت و هیچ لێخۆشبوونێکیش بۆ هیچ لایەنێک نییە. ڕاشیگەیاند، ئیدارەی واشنتن چاو بەو ڕاپۆرتانەش دەخشێنێت کە باس لە کڕینی نەوتی ئێران لەلایەن چین دەکەن. ئێران پێکهاتەکانی نەوت و پیترۆکیمایی بە نرخی کەمتر لە بازاڕەکان بە وڵاتانی وەک بەرازیل، چین و هیندستان دەفرۆشێت و ئەمەش نیگەرانی لای ئەمەریکا دروستکردووە. دوای خستنەخوارەوەی فڕۆکەیەکی ئەمەریکا لە گەرووی هورمز لەلایەن سوپای پاسدارانی ئێرانەوە، فشارەکانی ئەمەریکا بۆسەر ئەو وڵاتە زیادیانکردووە، لەدوایین حاڵەتیشدا، ئەمەریکا گەمارۆی ئابووری توندی بەسەر سەرچاوە داراییەکانی عەلی خامنەیی، ڕێبەری کۆماری ئیسلامی ئێراندا سەپاندووە.

## هۆڵەندا.. بۆ ڕێزگرتن لە گیانی قوربانییانی کۆمەڵکوژییەکەی کۆبانی کۆڕێک بەڕێوەچوو

# نوێنەری پارتی و ڕەوەندی کورد و ژمارەیەک پارتی دیکەی سیاسی بەشداری یادکردنەوەکە بوون





**هۆڵەندا- ساسان دەروێش**

لە شاری هارلم لە وڵاتی هۆڵەندا لە لایەن چەندین کەسایەتی سیاسی و ڕۆشنبیری کورد و بە ئامادەبوونی بەشێکی بەرچاو لە ڕەوەندی کوردستانی، کۆڕێک بۆ یادی چوار ساڵ تێپەڕبوون بەسەر کارەسات و ڕێزگرتن لە قوربانیانی کۆمەڵکوژی 25ی حوزەیرانی ساڵی 2015ی شاری کۆبانی لە ڕۆژئاوای کوردستان بۆ زیندوو هێشتنەوەی ئەو یادە خەمناکە و لە یاد نەچوونی شەهیدان، بەڕێوەچوو، کە بەهۆی کارەساتەکە زیاتر لە 300 هاوواڵتیی سڤیل شەهید و بریندار بوون، کە وەک ئەستێرەی درەوشاوەی سیمبلی خۆڕاگری شاری کۆبانێ و بەرگریکردن لە شارەکە و ڕووبەڕووبوونەوەی تیرۆریستانی داعش و داگیرکارانی کوردستان ناویان لە میژوودا دەمێنێتەوە.

سەرەتا پێشکەشکاری کۆڕەکە جیهاد کوڕو بەخێرهاتنی هەمووانی کرد و بە خولەکێک وەستان بۆ ڕێزگرتن لە گیانی بەرزە فڕی گشت شەهیدانی کورد و کوردستان و بزاڤی ڕزگاریخوازیی نەتەوەییمان و مارشی نەتەوەیی، ئەی ڕەقیب، کۆڕەکە دەستیپێکرد، پاشان شێخ ئەحمەد، بەرپرسی کۆمیتەی هۆڵەندا پارتی شەپێلا پێشەڕۆژا کورد لە سووریا گوتەیەکی بەناوی لیژنەی ئامادەکاری بە هەردوو زمانی کوردی و عەرەبی پێشکەشکرد و تیدا باسی لە میژووی شاری کۆبانیی ڕۆژئاوایی کوردستان کرد بە پشتبەستن بە بەڵگە و گوتی: تیرۆریستانی داعش لەڕێز سیبەری بێدەنگی وڵاتانی ڕۆژئاوا لە 25ی حوزەیرانی ساڵی 2015 هێرشێکی لەناکاویان کردە سەر شاری کۆبانی و دەستیان کرد بە کۆمەڵکوژی هاووڵاتییانی ئەو شارە، ئەمەش بۆ لە ناوبردنی دەستکەوتەکانی کورد لە سووریا بوو کە بە چەکە قورس و پێشکەوتووەکان، ئەو چەکانەی لە شاری مووسڵ دەستیان کەوتبوو، تیرۆریستانی داعش دژی خەڵکی سڤیل و بێ چەک بەکاریان هێنا، ئەمەش لە کاتێکدا بوو لە ساڵی 2012 ئەم شارە لە دەستی ڕژێمی بەعسی سووری ئازادکراوە، لە ساڵی 2014 ڕووبەڕووی گەورەترین هێرشی دڕندانە بوویەوە و لە کۆتایشدا گوتی: چوونی پێشمەرگە لە باشووری کوردستان بۆ کۆبانی کە شانبەشانی کوڕ و کچانی ئەو شارە لە دژی چەتەکانی داعش، بەشداری بەرخودان بوون لە کێی هەموو ڕۆژەکانی بەرگری ئەم شارە لە 134 ڕۆژ کۆبانی پەیامی ئاشتی و بەرخودانی گەلێکیان ناساند، کە چەتەکان دەیانویست ناسنامەی نەتەوەیی کورد وبسڕنەوە، بەڵام دواجار تیرۆریستان و داگیرکەران شەرمەزاربوون.

هەروەها لەلایەن ئامادەبووانەوە و بۆ ڕێزگرتن لە قوربانییەکان، مۆم داگیرسێندرا، پاشان لەلایەن عەلی هروری، نوێنەری پارتی دێموکراتی کوردستان لە هۆڵەندا گوتەیەک پێشکەشکرا و تێیدا گوتی: سەری ڕێز و وەفاداریمان دائەنەوێنین بۆ شەهیدانی کۆبانی و گشت شەهیدانی کورد و کوردستان و سڵاوی خۆمان دەنێرین بۆ خۆڕاگری کوڕ و کچانی ئەم شارە قارەمانە کە بوونە سیمبلی تێکۆشان لەپێناو ئاشتی و سەقامگیری ناوچەکەیان و باسی لەوە کرد کە کورد نەتەوەیەکی ئازایە، وێڕای ئەوەی لە مێژوودا سەیری کورد و خاکەکەی بکەین، غەدری گەورەی بەرانبەر کراوە، کە هۆکار زۆرن و ئەوەی لەبەرچاوانن، یەک نەبوونی کورد خۆی بووە و تا ئێستاش نەگەیشتووەتە ترۆپکی ئامانجەکانی و لەو کەلێن و بۆشاییەوە دوژمن زەفەری پێ بردووین دەنا نەیانتوانیوە لە سەنگەردا بەرانبەرمان بوەستن، ڕاستە چەندین کارەساتی لەم شێوەی کۆبانی لە پارچەکانی تری کوردستان ڕوویداوە، بەڵام سەرئەنجام کورد کۆتایی نەهات و سەرکەوتووە بەسەر دوژمن و داگیرکارانی و تەبایی و یەکڕیزی مالی کورد دەمانگەیەنێتە سەرچیای خەونەکانمان، نابێ ئەوەشمان لە بیر بچێت کە بەپێشنیاری سەرۆک بارزانی و بڕیاردانی پەرلەمانی کوردستان پێشمەرگە چووە کۆبانی و شانبەشانی کوڕ و کچانی ئەم شارە و شەڕقانان جەنگان دژ بە داگیرکاران و سەرکەوتنیان تۆمار کرد، لە کۆتیشدا گوتی: بە لەبەر چاوگرتنی گۆڕنکارییەکان و ئەو هەموو قوربانییە دەبێت هەموو لە یەک گووتاری هاوبەشدا کار بۆ داهاتووی ڕۆژئاوا بکەین لە بەدەستهێنانی دەستکەوتی زیاتر و پاڕێزگاریکردنی و ڕەنگدانەوەی لە هەرێمەکەتاندابێت بە قبوولکردنی یەکتر و دووبەرەکیتنەوە لە تاکڕەوی لە پێناوی کوردستانێکی بەهێز و سەرکەوتوو و خۆشگوزەران بۆ برا و خوشک و کەسەکانمان لەو پارچەیەدا، لە دوایشدا لەلایەن نوێنەرانی چەند پارت و ڕێکخراوەکانی ڕۆژئاوایی کوردستان لە هۆڵەندا لە بەڕێزان غاندی و محەممەد زیتو و متین وتار پێشکەشکران، هەروەها لەلایەن تانیا شاعیرێکی ئافرەتی عەرەبی بوو، چەند گوڵبژێرێکی لە شیعرەکانی بە زمانی عەرەبی کردە دیاری بۆ شاری کۆبانی لە قوربانی و سەرکەوتنەکان لە کۆتایشدا لەلایەن هونەرمەندی کورد ڕەشید عەفرینی چەند سروود و گۆرانی بۆ کۆبانی و قارەمانانی کوڕ و کچانی ئەم شارە و شەهید و قوربانییەکانی بە دەنگە خۆشەکەی و سازەکەی چڕی و بە فیلمێکی دیکۆمێنتاری کورت لەسەر ڕووداوە گرنگەکانی ئەم شارە نیشاندرا و بەمشێوەیە زۆر سەرکەوتووانە کۆتاییهات.

## لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان یادی کیمیابارانکردنی سەردەشت کرایەوە




لە ڕێورەسمێکدا یادی 32ەمین ساڵوەگەڕی کیمیابارانکردنی شاری سەردەشت کرایەوە کە لە میانی جەنگی عێراق و ئێراندا لە 28ی حوزەیرانی 1987 لەلایەن ڕژێمی بەعس و بە فەرمانی سەدام حوسێن کیمیاباران کرا. ژمارەیەک بەرپرسی حکومی و سیاسیی ئێران و بەرکەوتووانی هێرشەکە و بانگهێشتکراوانی شاری هەڵەبجە بەشداربیان لە ڕێورەسمەکەدا کرد. بەشداربووان لە گوتارەکانیاندا ئاماژەیان بەوە دا کە بەهۆی سزاکانی ئەمەریکاوە بۆ سەر ئێران بەرکەوتووانی چەکی کیمیایی چارەسەرییان بۆ ناکرێ و دەرمانی پێویستیان بۆ دابین ناکرێت.

لە میانی جەنگی نێوان ئێران و عێراقدا کە لە 1980 دەستیپێکرد و تاکو 1988ی خایاند ڕژێمی بەعس بە چەکی کیمیایی هێرشی کردە سەر شاری سەردەشتی ڕۆژهەڵاتی کوردستان. حکوومەتی ئێران ئەوە "بەیەکەمین هێرش لە جیهان بە چەکی کیمیایی" لەقەڵەم دەدا کە تیایدا 119 کەس گیانیان لەدەستدا و زیاتر لە هەشت هەزار کەسی دیکەیش بە بریندای ڕزگاریان بوو. جێی باسە نۆ مانگ دوای کیمیابارانکردنی سەردەشت ڕژێمی بەعس بە سەرکردایەتی سەدام حوسێن بە چەکی کیمیایی هێرشی کردە سەر شاری هەڵەبجە و لە ئاکامی ئەو هێرشەشدا زیاتر لە پێنج هەزار کەس گیانیان لەدەستدا، ئەمەش لە سەر ئاستی جیهان دەنگی دایەوە.

## عێراق... لە هێرشێکی داعشدا پۆلیسێکی فیدراڵ کوژراو سێی دیکەش برینداربوون



لە ئاکامی هێرشێکی داعش بۆسەر کاروانێکی هێزە ئەمنییەکانی عێراق لە پارێزگای سەلاحەددین، چوار پۆلیس فیدراڵ کوژران و بریندارببوون. ئەفسەر لە ئۆپەراسیۆنەکانی سەلاحەددین، نەقیب سەعد محەمەد ڕایگەیاند: بەردەبانی دوێنێ شەمە، ژمارەیەک تیرۆریستی داعش هێرشیانکردە سەر کاروانێکی هێزە ئەمنییەکان لە ناوچەی فەرحاتیە ڕۆژئاوای قەزای بەلەد باشووری پارێزگای سەلاحەددین. بە گوتەی سەعد محەمەد لە ئاکامی تیرۆریستی داعش بۆسەر هێزە ئەمنییەکان زیادی کردووە بەتایبەتیش لە ناوچەکانی نێوان پارێزگاکانی سەلاحەددین و کەرکووک.

## ژاپۆن... لووتکەی G-20 بە چالاکیی کولتووریی و خوانی سەرکردەکان کۆتاییهات

# لەگەڵ هەڵکشانی گرژییە بازرگانیی و جیۆپۆڵەتیکییەکاندا مەترسییەکان زیادیان کردووە

## دۆناڵد ترەمپ: ڕێگە نادەین ئێران دەستی بە چەکی ئەتۆمی بگات



لووتکەی سەرکردەکانی G-20 کە بە میواندارییی ژاپۆن لە شاری ئۆساکا بەڕێوەچوو و ماوەی دوو ڕۆژی خایاند، لووتکەکەش بە پێشوازییکردنی سەرۆکوەزیران شینزۆ ئابێ لە سەرکردە بەشدارەکانی لووتکەکە و گرتنی وێنەی بە کۆمەڵی سەرکردەکان دەستیپێکرد.

پاشان سەرکردەکان بەشداربیان لە چالاکییەکی تایبەت لەڕێز ناونیشانی "ئابووریی دیجیتاڵ" کرد. و دوای کۆتاییهاتنی چالاکییەکەش یەکەم دانیشتنی لووتکەکە لەڕێز ناونیشانی "ئابووریی جیهانیی، بازرگانی و سزکان" بەڕێوەچوو. ئەو سەرکردانەی لەدوای دانیشتنی یەکەم کۆبوونەوەی دووقۆڵییان ئەنجامدا، پاشان لە دانیشتنێکدا بە ناونیشانی "نوێگەریی" بەشداربیان کرد. ڕۆژی یەکەمی لووتکەکەش بە چالاکی کولتووریی و خوانی سەرکردەکانی G-20 کۆتاییهات. ڕۆژی دووەمی لووتکەی G20 بە دانیشتنێکی تایبەت لەڕێز ناونیشانی "بەهێزکردنی ژن" دەستیپێکرد. دواتریش دانیشتنی سێیەمی لووتکەکە بە ناونیشانی "ڕەواندنەوەی نایەکسانییەکان- دڕووستکردنی جیهانێکی گشتگیر کە بەردەوامی هەبێت" سازکرا و تێیدا سەرکردەکان هەڵسەنگاندنی خۆیان پێشکەش کرد. لە دانیشتنی کۆتایی لووتکەی G-20یش سەرۆک کۆماری ئەمەریکا، لە کۆنگرەیەکی ڕۆژنامەنووسی وەڵامی پرسیاری ڕۆژنامەنووسانی دایەوە. دۆناڵد ترەمپ لە وەڵامی پرسیارێکدا هەڕەشەی لە ئێران کرد و ڕایگەیاند: ئێمە خاوەنی بەهێزترین سوپای جیهانین، کە هێزێکی مەرگهێنەری هەیە، هیواداربن هیچکات دەستی بۆ نەبەین. ترامپ لە وەڵامی پرسیارێکیش لەسەر پێشلکارییەکانی ئێران لە ڕێککەوتنە ئەتۆمییەکە، گوتی: دەبینن، ڕێگە نادەین ئێران دەستی بە چەکی ئەتۆمی بگات.

### ڕاگەیەندراوی کۆتایی لووتکەی G20

ڕاگەیەنراوی لووتکەی G20 کە سەرکردەکانی 20 وڵاتی خاوەن گەورەترین ئابووریی جیهان کۆدەکاتەوە و ئەمجارە لەلایەن ژاپۆنەوە و لە شاری ئۆساکا میواندارییی کرا، کە لەلایەن سەرجەم ئەندامانی G20ـەوە واژووکراوە بەڵاوکرایەوە. لە ڕاگەیەنراوەکەدا هۆشداریی ئەوە دراوە کە "گەشەی ئابووریی" جیهانیی لە ئاستێکی نزمدایە و لەگەڵ هەڵکشانی گرژییە بازرگانیی و جیۆپۆڵەتیکییەکاندا، مەترسییەکان زیادیان کردووە. لە ڕاگەیەنراوەکەدا باسی ناکۆکییە بازرگانییەکانی نێوان ئەمەریکا، چین و وڵاتانی دیکە نەکراوە و جەخت لەسەر پێویستی کارکردنی زیاتر سەبارەت بە زیرەکیی هۆشمەند و لە بەرامبەر ئەو ئاستەنگە هەنووکەییانەی بەهۆی نەوەکانی ئینتەرنێتەوە هاتوونەتە ئاراوە، کراوەتەوە.

لە ڕاگەیەنراوی کۆتایی لووتکەی سەرکردەکانی G20دا سەبارەت بە بازرگانی و سزاکان جەخت لەوەکراوەتەوە کە بازاڕەکان بە کراوەیی دەمێننەوە و پشتیوانیی لە ڕیفۆرمە پێویستەکانی ڕێکخراوی بازرگانیی جیهانیی دەکەن و کاردەکەن لەپێناو ڕەخساندنی "هەلومەرجی یەکسانی" جیهانیی لەوبارەیەوە.

جێی باسە زیاتر لە دوو هەزار ڕۆژنامەوان لە سەرانسەری جیهانەوە ڕووماڵی لووتکەکەیان کرد و 30 هەزار کەسیش لە لووتکەکەدا بەشداربوون کە 19سەرکردە و شاندەکانی یەکێتیی ئەوروپا لەخۆدەگرن. لە ئۆساکا کە لووتکەکەی تێدا بەڕێوەچوو، ڕێوشوێنی ئەمنیی توند گیرایەبەرو بە دریژایی ماوەی لووتکەکەش زیاتر لە 32 هەزار کارمەندی هێزە ئەمنییەکان لە ئەرکدابوون.

# نووسەر و ڕۆژنامەنووسی ناسراوی کورد «عەبدولغەنی عەلی یەحیا» کۆچی دوایی کرد



شەوی شەممە 2019/6/28 عەبدولغەنی عەلی یەحیا، نووسەر و تۆێژەر و ڕۆژنامەنووسی ناسراوی کورد، بەهۆی نەخۆشییەوە لە تەمەنی 76 ساڵیدا کۆچی دوایی کرد و لە گۆڕستانی کەسنەزان بەخاکسپێردرا.

خوالێخۆشبوو لە ڕۆژنامەی خەبات دەیان وتاری بلاوبۆتەوە و ماوەیەکیش گۆشەیەکی ڕۆژانەی بەناوی ڕۆژەڤ لە خەبات هەبوو.

نووسەر بەهەردوو زمانی کوردی و عەرەبی دەینووسی، تەلەفزیۆنە عەرەبییەکانیش دیداری زۆریان لەگەڵ دەکرد.

عەبدولغەنی عەلی یەحیا، لە سەرەتای شەستەکانەوە بە شێوەیەکی چالاک دەستی کردووە بە نووسین و کاری ڕۆژنامەوانی و تۆێژینەوە و بە هەردوو زمانی کوردی و عەرەبی لە چەندان ڕۆژنامە و گۆڤاری عەرەبی و کوردیشدا وتار و تۆێژینەوەی بلاوکردووەتەوە و لە چەندین گۆڤاریشدا سەرنووسەر و بەڕێوەبەر بووە.

لەمبارەوە لە ئێنسکلۆپیدیای نووسەرانی هەولێر کە لەلایەن "عەبدولڕەحمان مەعروف"ەوە نووسراوە، لەبارەی ژیان و بەرهەمەکانی دەڵێت: "لە هاوینی ساڵی 1943 گوندی "گردەپان"ی سەر بە ئاکرێ لەدایک بووە و خوێندنی سەرەتایی و ناوەندی و دواناوەندیی لە شاری مووسڵ تەواو کردووە.

**لە ماوەی تەمەنیدا لە بواری نووسین و ڕۆژنامەنووسیدا ئەم چالاکییانەی هەبووە:**

– دەستەی نووسەرانی گۆڤاری "پەیامی ئەیلوول" بووە.

– لە 1963/4/1 پێوەندی بە هێزی پێشمەرگەوە کردووە.

– لە دوای گفتوگۆکانی ساڵی 1963-1964 نێوان سەرکردایەتیی شۆڕش و حکوومەتی عێراق، گەڕاوەتەوە (مووسڵ) و دەستی بە چیرۆک نووسین کردووە، چیرۆکەکانی بە زمانی عەرەبی بوون لە ڕۆژنامەکانی مووسڵ و بەغدا لە ڕۆژنامەکانی: (فتی العراق) و (فتی العرب) و (الثورە العربیە) بڵاو کراونەتەوە.

– لە ساڵی 1964 لە پێشبڕکێیەکی چیرۆک خەڵاتی یەکەمی لە ڕۆژنامەی (فتی العرب) وەرگرتووە.

– لە ساڵی (1970)وەک نووسەر و پەیامنێر لە (التاخی) دامەزراوە، هەر لە هەمان ساڵدا بە ڕێککەوتننامەیەک لە نێوان شۆڕش و حکومەتی ئەوکاتدا بە مووچەخۆر لە هەولێر دامەزراوەو نزیکەی چوار ساڵ لە ڕۆژنامەی (التآخی) کاری کردووە.

– لە ساڵی 1973 لە دەستەی نووسەرانی ڕۆژی کوردستان (شمس کوردستان) وەرگیراوە.

– لە 1974-1975 کارمەند بووە لە ڕادیۆی دەنگی کوردستانی ئێراق، وتاری سیاسی بۆ ڕادیۆکە دەنووسی.

_ماوەیەک سەرنووسەری گۆڤاری (کاروان العرب) بووە

_ لە 1998تا 2008 واتە بۆ ماوەی (10) کارمەندی ڕادیۆی ئەوروپای ئازاد کارمەند بووە.

_ سێ ساڵ لە (دەنگی ئەمەریکا) کاری کردووە

– لە 2004 لقی سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی کوردستانی لە مووسڵ دامەزراندووە بۆ زیاتر لە (5)بەرپرسی لقەکە بووە.

– لە ساڵی 2006 ڕۆژنامەی (الحقیقە) ی لە مووسل دەرکرد، کە جاران لە شەستەکان لەلایەن خوالێخۆشبوان: مەلا ئەنوەر مائی و جەرجیس فەتحوللا لە مووسڵ دەردەچوو. دوو ساڵ سەرنووسەری بووە.

– لە سەرەتای ساڵی 2008 ڕۆژنامەی (رایە الموسل) لە شاری مووسڵ دەرکردووە، سەرنووسەر و خاوەنی ئیمتیازی بووە.

– لە گۆڤاری (الصحفی) بەردەوام بابەتەکانی بە عەرەبی بڵاو بوونەتەوە.

– ئەندامی فیدراسیۆنی ڕۆژنامەنووسانی نێودەوڵەتیی بووە.

– ئەندامی سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی کوردستانە.

– ئەندامی یەکێتی نووسەرانی کوردە.

– لە ڕۆژنامەی (الشرق الاوسط) و ڕۆژنامەکانی دیکەی لەندەن ماوە ماوە وتاری بڵاوکردووەتەوە.

## سەرۆک بارزانی سەرەخۆشی لە خانەوادەی عەبدولغەنی عەلی یەحیا دەکات

# خوالێخۆشبوو ڕۆژنامەنووسێکی نیشتیمانپەروەر و بەرگریکار بووە لە ماف و ئازارەکانی میللەتەکەی

**بەپێی کۆچی دوایی «عەبدولغەنی عەلی یەحیا»ی نووسەر و ڕۆژنامەنووس، سەرۆک بارزانی پەیامێکی سەرەخۆشی ئاراستەی خانەوادەکەی کرد و خوالێخۆشبووی بە نووسەر و ڕۆژنامەنووسێکی نیشتیمانپەروەر و بەرگریکار لە ماف و ئازارەکانی میللەتەکەی وەسف کرد. ئەمەش دەقی پەیامەکەیە:**

**بەناوی خودای بەخشندە و میهرەبان**

**بەڕێزان لە خانەوادەی خوالێخۆشبوو عەبدولغەنی عەلی یەحیا**

بەداخێکی زۆرەوە هەواڵی کۆچی دوایی نووسەر و ڕۆژنامەنووس (عەبدولغەنی عەلی یەحیا)مان پێگەیشت.

خوالێخۆشبوو نووسەر و ڕۆژنامەنووسێکی نیشتیمانپەروەر و بەرگریکار بووە لە ماف و ئازارەکانی میللەتەکەی، بەم بۆنە خەمناکەوە سەرەخۆشی لە خانەوادە و کەسوکار و نووسەر و ڕۆژنامەنووسان دەکەم و خۆم بە هاوبەشی خەمتان دەزانم.

لە خودای مەزن داواکارم خوالێخۆشبوو بە بەهەشتی بەرین شاد بکات و سەبر و ئارامی بە هەموو لایەک ببەخشێت. **ئاناللە و انا الیە راجعون**

**مەسعوود بارزانی**
**29ی6ی2019**

## سەرۆکی هەرێمی کوردستان سەرەخۆشی لە خانەوادەی مامۆستا عەبدولغەنی عەلی یەحیا دەکات

**بەپێی کۆچی دوایی مامۆستا عەبدولغەنی عەلی یەحیای نووسەر و ڕۆژنامەنووسەوە، بەڕێز نێچیرڤان بارزانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان پەیامێکی سەرەخۆشی ئاراستەی خانەوادەکەی کرد، ئەمە دەقەکەیەتی:**

کۆچی دوایی نووسەر و ڕۆژنامەنووس مامۆستا عەبدولغەنی عەلی یەحیا خەمباری کردین.

پرسە و سەرەخۆشیمان ئاراستەی خانەوادەی بەڕێزی خوالێخۆشبوو، کەسوکار و دۆست و هاوڕێیانی و سەرجەم ڕۆژنامەنووسانی کوردستان دەکەین.

خوالێخۆشبوو تەمەنێکی زۆری بەخشییە کایەی نووسین و ڕۆژنامەنووسی و لەم بوارەدا خزمەتێکی زۆری پێشکەش کرد.

ئارامی بۆ گیانی مامۆستا و سەبووری و دڵنەوایی بۆ خانەوادە و کەسوکاریان، هاوبەشی خەمیانین.

**نێچیرڤان بارزانی**
**سەرۆکی هەرێمی کوردستان**
**2019/6/29**

## مەکتەبی سیاسی بۆ کۆچی دوایی نووسەر و ڕۆژنامەنووس (عەبدولغەنی عەلی یەحیا):

# خوالێخۆشبوو کەسایەتییەکی ناسراوی بواری ڕۆژنامەنووسیی و شرۆڤەکارێکی لێهاتووی بواری سیاسییش بوو

**بۆ بەڕێز خانەوادەی نووسەر و ڕۆژنامەنووس(عەبدولغەنی عەلی یەحیا)**

دڵگران بووین بە بیستنی هەواڵی کۆچی دوایی نووسەر و ڕۆژنامەنووس (عەبدولغەنی عەلی یەحیا) بەو بۆنە خەمناکەوە پرسە و سەرەخۆشی خۆمان ئاراستەی ئێوەی بەڕێز و کەس وکار و بنەماڵەکەتان دەکەین و هاوبەشی خەمتانین.

هەڤاڵی خوالێخۆشبوو "عەبدولغەنی عەلی یەحیا" کادیرێکی دێرینی پارتیمان بوو لە بواری ڕاگەیاندنا ڕۆڵی دیارو بەرچاو بووە و تێکۆشەر و کەسایەتیەکی ناسراوی بواری ڕۆژنامەنووسیی و شرۆڤەکارێکی لێهاتووی بواری سیاسیش بوو، کە لە ڕێی وتار و نووسینەکانیەوە خزمەتێکی زۆری کولتوور و ڕۆشنبیری کوردی کردووە.

کۆچی دوایی ئەو ڕۆشنبیر و نووسەرە زیانێکی گەورە بوو بۆ بواری ڕاگەیاندن و ڕۆشنبیری، ئومێدەوارین هاوخەمیی و هاوسۆزیی هەڤاڵانی و هاوپێشانی لە نووسەران و ڕۆژنامەنووسان ببێتە مایەی دڵنەوایی و سەبووری خانەوادە تێکۆشەرەکەتان و لە خەم و خەفەتتان کەم بکاتەوە.

جارێکی دیکە پرسە و سەرەخۆشی خۆمان دووپات دەکەینەوە و هیواخوازین لە خەم و خەفەت و کۆستی دیکە بە دوور بن و جێگای هەڤاڵی کۆچکردوویش بەهەشتی بەرین بێت...

**ئاناللە وانا الیە راجعون**

**مەکتەبی سیاسی**
**پارتی دێموکراتی کوردستان**
**2019/6/29**

## پرسەنامەی دەزگای ڕۆشنبیریی و ڕاگەیاندن بۆ کۆچی دوایی نووسەر و ڕۆژنامەنووس

# (عەبدولغەنی عەلی یەحیا)

**بەڕێزان خانەوادەی ڕۆشنبیر و نووسەر و ڕۆژنامەنووس (عەبدولغەنی عەلی یەحیا)**

بەداخ و پەژارەیەکی زۆرەوە هەواڵی کۆچی دوایی نووسەر و شرۆڤەکاری سیاسی (عەبدولغەنی عەلی یەحیا) مان پێگەیشت، بەو بۆنە خەمناکەوە پرسە و سەرەخۆشی خۆمان ئاراستەی ئێوەی بەڕێز و کەسوکار و بنەماڵەکەتان و تەواوی هەڤاڵ و هاوکارانی دەکەین و خۆمان بە هاوبەشی خەمتان دەزانین.

خوالێخۆشبوو (عەبدولغەنی عەلی یەحیا) لە ساڵی 1943 لە شارۆچکەی ئاکرێ لە دایکبووە، لەسەرەتای شەستەکانەوە دەستی بە نووسین کردووە و یەکەم وتاری لە ڕۆژنامەی(الاستقلال)لە بەغدا بڵاوبۆتەوە، لە 1963 پەیوەندی بە هێزی پێشمەرگەی کوردستانەوە کردووە و، لە ساڵی 1970 وەک نووسەر و پەیامنێر بۆ ماوەی چوار ساڵ لە ڕۆژنامەی(التاخی) کاری کردووە، سێ ساڵ لە گۆڤاری (الپقافە) کاری کردووە و لەساڵی 1973 بۆتە ئەندامی دەستەی نووسەرانی ڕۆژی کوردستان، لە ساڵانی 1974-1975 لە ڕادیۆی دەنگی کوردستان-عێراق کاری کردووە، دوای ڕاپەڕینیش بەردەوام بووە لە کاری ڕۆژنامەنووسیی و ڕاگەیاندن.

هەڤاڵ (عەبدولغەنی عەلی یەحیا ) لە ساڵی 2004 ئەندامی لقی14ی پارتی دیموکراتی کوردستان بووە و دامەزرێنەر و بەرپرسی لقی موسڵی سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی کوردستان بووە و، کەسایەتی و شرۆڤەکارێکی سیاسی بەتوانا بوو، کادیرێکی شارەزا و لێهاتووی ڕاگەیاندن و قەڵەمبووی بواری ڕۆژنامەنووسیی بوو، نووسەرێکی بەهرەمەند و خاوەن قەڵەمێکی بەبڕشت و تایبەت بە خۆی بوو بە تایبەتی لە ڕووی زمانی عەرەبییەوە، هەروەها لەڕێی بەرهەم و نووسین و چاپکراوەکانی خزمەتێکی زۆری ڕۆژنامەنووسیی و کولتوور و ڕۆشنبیری کوردی کردووەو لەو تەمەنەی بەخشیدا چەندین بەرپرسیاریەتی پێ سپێردراوە و لەچەندین دەزگا و ناوەندی میدیایی خزمەتی کردووە.

بە کۆچی دوایی ئەو ڕۆشنبیر و نووسەر و ڕۆژنامەنووسە، درزێکی دیکەی دیار و گەورە کەوتە نێو بواری ڕۆژنامەوانیی و ڕۆشنبیری و ڕاگەیاندن و قەڵەمێکی دیکەی لەدەست دا، هیوادارین هاوخەمیی و دڵنەوایی هەڤاڵانی و هاوپێشانی ببێتە مایەی ئارامیی و سەبوورییتان و لە خەم و خەفەتتان کەم بکاتەوە. جارێکی دیکە پرسە و سەرەخۆشی خۆمان دووپات دەکەینەوە و ئومێدەوارین لە خەم و ئازار و کۆستی دیکە بە دوور بن و جێگای خوالێخۆشبووش بەهەشتی بەرین بێت...

**دەزگای ڕۆشنبیریی و ڕاگەیاندنی**
**پارتی دێموکراتی کوردستان**
**2019/6/29**

## گوتەبێژی سوپای لیبیا: فەرمان دراوە هەموو ئەو تورکانەی لە لیبیان، دەستگیر بکرێن

# لە لیبیا شکست بە پڕۆژەی ڕێکخراوی تیرۆریستیی ئیخوان دێنین



گوتەبێژی سوپای لیبیا، ئەحمەد مسماری ڕایگەیاند، سوپا فەرمانی داوە هەموو ئەو تورکانەی لە لیبیان دەستگیر بکرێن. مسماری لە کۆنگرەیەکی ڕۆژنامەوانییدا لە شاری بەنغازی ڕایگەیاندووە: دەستوەردانێکی تورکی و قەتەری لە زەوی و ئاسمانەوە لە بەرژەوەندی میلیشیاکان لە تەرابلوس هەیە. گوتیشی: شکست بە پڕۆژەی ڕێکخراوی تیرۆریستیی ئیخوان دێنین لە لیبیا. هەر لە کۆنگرە ڕۆژنامەوانییەکەدا ئەحمەد مسماری ئەوەشی ئاشکراکردووە کە تورکیا لەکاتی دەستگرتنی میلیشیاکان بەسەر شاری غریان بە فڕۆکەی بێفڕۆکەوان پاڵپشتی ئاسمانیی بۆ میلیشیاکان دەستەبەر کردووە. ئەو بەرپرسەی لیبیا ئاماژەی بەوەش کردووە کە سوپای لیبیا فەرمانی داوە هەموو گەشتە ئاسمانییەکان لە فڕۆکەخانەکانی لیبیا بۆ تورکیا قەدەغە بکرێت.

لەبارەی ئامانجەکانی تورکیاشەوە، ئەحمەد مسماری ڕایگەیاندووە: ئامانجەکانی تورکیا لە لیبیا بە ئامانجی دوژمن دادەنێین و فەرمانمان داوە کەشتییەکان تورکیا لە ئاوە هەرێمییەکان بکرێنە ئامانج، هەر خاڵێک لەسەر زەوی مامەڵە لەگەڵ تورکیا بکات دەکرێتە ئامانج. جێی باسە سوپای نیشتمانیی لیبیا بە فەرماندەیی موشیر خەلیفە حەفتەر لە 4ی نیسانی ڕابردووەوە پڕۆسەی لەناوبردنی گرووپە چەکدارەکان و تونڕەوەکانی لە تەرابلوسی پایتەخت ڕاگەیاندووە، کە حکوومەتی سازانی نیشتمانیی لیبیە بە سەرۆکایەتی فایز سەڕاج و کۆمەڵگەی نێودەوڵەتیش دانی پێداناوە.

# ئەمڕۆ سەرکردەکانی یەکێتیی ئەورووپا بۆ هەڵبژاردنی «سەرۆکی دامەزراوە گرنگەکان» کۆدەبنەوە

سەرکردەکانی هەر 28 وڵاتە ئەندامەکەی یەکێتیی ئەورووپا بەمەبەستی دانووستانکردن لەسەر دیاریکردنی سەرۆکی دامەزراوە گرنگەکانی یەکێتییەکە ئەمڕۆ یەکشەممە لە بڕۆکسڵی پایتەختی بەلجیکا کۆدەبنەوە.

سەرکردەکانی هەر 28 وڵاتە ئەندامەکەی یەکێتیی ئەورووپا کە هەر دوای هەڵبژاردنەکانی پەرلەمانی ئەورووپا بۆ هەڵبژاردنی سەرۆکایەتی لە لوتکەی سەرکردەکانی یەکێتییەکە کۆبوونەوە، ئەمڕۆ یەکشەممە بۆ جاری سێیەم بەمەبەستی دانووستانکردن لەسەر دیاریکردنی سەرۆکی دامەزراوە گرنگەکانی وەک کۆمیسیۆنی یەکێتیی ئەورووپا، کۆنسەی یەکێتیی ئەورووپا، پەرلەمانی ئەورووپا، بانکی ناوەندی ئەورووپا، نوێنەرایەتی بالای سیاسەتی ئەمنی و پەیوەندییەکانی دەرەوەی یەکێتیی ئەورووپا لە بڕۆکسڵ کۆدەبنەوە.

سەرکردەکانی وڵاتانی ئەندام توندترین دانووستان لەسەر سەرۆکایەتی کۆمیسیۆنی یەکێتیی ئەورووپا دەکەن. سەرۆکی کۆمیسیۆنەکە بە جۆرێک دەستنیشان دەکرێت کە پێویستە کاندیدی هاوبەشی سەرکردەکانی هەر 28 وڵاتی ئەندام بێت. دواتریش پێویستە پەرلەمانی ئەورووپا ڕەزامەندی لەسەر ئەو کاندیدە هاوبەشە دەربېرێت.

جێی باسە سەرۆکی نوێی کۆمیسیۆن بۆ ماوەی پێنج ساڵ بە ئەرکەکانی هەڵدەستێت و بۆ هەڵبژاردنیشی پێویستە ڕەزامەندی زۆرینەی کۆنسەی یەکێتیی ئەورووپا 21 دەنگ لە کۆی 28 دەنگ و دەنگی زۆرینەی ئەندامانی یەکێتیی ئەورووپا بەدەست بهێنێت. بۆیە گرنگە بەر لە دەستپێکردنی قۆناغی نوێی یەکێتیی ئەورووپا لە 2ی تەموزدا بڕیار بدرێت. سەرۆکی کۆمیسیۆنەکە جان کلورد یانکەر کە خەڵکی لۆکسەمبۆرگە لە 31ی تشرینی یەکەم کۆتایی بە ئەرکەکەی دێت. پێویستە تاکو 1ی تشرینی دووەم سەرۆکی نوێی کۆمیسیۆنەکە دەستبەکاربێت.



# لەپێناو گرنگیدانی زیاتر بە هاونیشتمانیان، پێداویستییە هەنووکەییەکانی سنووری لقی 16 دەخرێنەڕوو



بەمەبەستی ئاگاداربوون لەکێشەو گیروگرفت و پێداویستییەکانی هاونیشتمانیانی سنووری دەوروبەری شاری هەولێرو گۆڕینەوەی بیروڕا بە مەبەستی دۆزینەوەی ڕێگا چارەی گونجاو بۆ تەواوی گیروگرفتەکان، شاندێکی نووسینکەی تایبەتی ڕێزدار نێچیرڤان بارزانی جێگری سەرۆکی پارتی دیموکراتی کوردستان سەردانی بارەگای لقی 16ی هەولێری کردو لەلایەن بڵند ئیسماعیل بەرپرسی لق و کاگێڕو بەرپرسی لێژنە ناوکانی سنووری لق بەگەرمی پێشوازیکران و دواتر کۆبوونەوەیەکی هاوبەشیان ئەنجام دا.

لە دەسپێکی کۆبوونەوەکەدا بڵند ئیسماعیل بەناوی لقی16ی هەولێر بەخێرهاتنی شاندی میوانی کردو ڕۆشنایی خستە سەر بەشێک لە کاروچالاکییەکانی لق و کێشەو گیروگرفت و پێداویستییە هەنووکەییەکانی هاونیشتمانیانی دەڤەرەکە لەپێناو گرنگیدانی زیاتر بە سنوورەکەو دۆزینەوەی میکانزمێکی خێرا بە ئامانجی چارەسەرکردنی کێشەو گیروگرفتەکان.

دواتر شاندی میوان وێڕای دەستخۆشی گەرمیان بۆ بەرپرس و ستافی لقی16ی هەولێر لەبەرامبەر ئەو خزمەتە زۆرەی پێشکەش بە خەڵکی سنوورەکەیان کردووە، کارنامەی کاری داهاتوویان خستە بەر دیدی ئامادەبووان کە لەو ڕێگەیەوە زۆرترین خزمەت بە خەڵکی دەڤەرەکەو تەواوی خەڵکی کوردستان بکەن و لەلایەن ئامادەبووانەوە گفتوگۆی تێروتەسەل لەسەر کارنامەکە کراو چەندین سەرنج و پێشنیار خرانەڕوو بۆ دەوڵەمەندترکردنی کارنامەکە و دانانی میکانیزمێکی تۆکمەو گونجاو تا لە ڕێگەیەوە هەوڵی چارەسەرکردنی تەواوی کێشەو گیروگرفتەکان بدرێت و زۆرترین خزمەتگوزاری بۆ هاونیشتمانیانی سنووری دەوروبەری شاری هەولێر دابین بکرێت.

# ئەمساڵ زۆرترین قوتابی لە زانکۆ و پەیمانگاکان وەردەگیرێن



بڕیاردەری لیژنەی پەروەردە و خوێندنی باڵا ئاشکرای کرد، ئەمساڵ هەوڵ دەدرێت زۆرترین قوتابیی دەرچووی دوازدەیی ئامادەیی لە زانکۆ و پەیمانگاکان وەربگیرێن و دەشڵێ، پەرلەمان بەدواداچوون بۆ داخوازیی قوتابیانی دەرچوو دەکات.

دکتۆر گەلاوێژ عوبێد، بڕیاردەری لیژنەی پەروەردە و خوێندنی باڵا لە پەرلەمانی کوردستان، بە ماڵپەڕی فەرمیی پارتی دیموکراتی کوردستانی ڕاگەیاند: ساڵانە بەپێی پلانێک قوتابیان لە زانکۆ و پەیمانگاکانی هەرێمی کوردستان وەردەگیرێن، ئەوانەشی لە دەرەوەی سیستەمی وەرگرتن دەمێننەوە، بۆ درێژەدان بە خوێندن ڕوو لە زانکۆ و پەیمانگا ئەهلییەکان دەکەن، تا ئێستاش پلانیوەرگرتن ئامادە نەکراوە بۆ ئەمساڵ، بەڵام لەمەودوا کار لەسەر ئەو پرسە دەکرێت. بڕیاردەری لیژنەی پەروەردە گوتیشی: ساڵانە چەند بەشێکی نوێ لە کۆلیژەکانی سەر بە حکوومەت دەکرێنەوە، لەبەر ئەوەش هەوڵ هەیە بۆ ئەمساڵ ژمارەی وەرگرتنی قوتابیانی دەرچووی دوازدەی ئامادەیی زۆرتر بێت لە ساڵانی ڕابردوو، چونکە ساڵانە ڕێژەی دەرچوون زیاترە. دکتۆر گەلاوێژ ئاماژەی بۆ ئەوەش کرد: لیژنەی پەروەردە و خوێندنی باڵا لە پەرلەمانی کوردستان بەدواداچوونی تەواو بۆ وەرگرتنی قوتابیان دەکات، ئێمە پاڵپشتی قوتابیانین و هەر شتێک لە بەرژەوەندیی ئەواندا بێت، پەرلەمانی کوردستان پشتگیرییان دەکات و کار بۆ جێبەجێکردنی داواکاریی قوتابیان دەکەین، ئەمساڵیش هەوڵ دەدەین زۆرترین قوتابی لە زانکۆ و پەیمانگاکان وەربگیرێن.

# فراکسیۆنی پارتی داوا دەکات باخچەکانی سلێمانی لە وشکبوون بپارێزرێن



بەهۆی دابیننەکردنی ئاو بۆ سەوزاییی ناوشار و باخچەکانی سلێمانی، چیمەن و درەختەکانی زەرد بوون و بەرەو وشکبوون دەڕۆن. سەرۆکی فراکسیۆنی پارتی لە ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی دەڵێ، ساڵانە گرفتی ئاودانی باخچە و سەوزاییی سلێمانی دروست دەبێت و بە دەیان ملیار دینار بەفیڕۆ دەچێت.

زیاد کاکەڕەزا، سەرۆکی فراکسیۆنی پارتی لە ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی، بە ماڵپەڕی فەرمیی پارتی دیموکراتی کوردستانی ڕاگەیاند: دەیان ملیار دینار لە باخچە جوانەکانی سلێمانی سەرف کراوە، بەڵام ساڵانە لە وەرزی هاویندا بەهۆی دابیننەکردنی پارە بۆ ئاودانی باخچەکان و کەمتەرخەمیی لایەنی پێوەندیدار، پارەکە بەهەدەر دەچێت، باخچەکان جوانی و سوودی خۆیان لەدەست دەدەن و وشک دەبن و، کاتێک پارەیان بۆ سەرف دەکرێت کە دار و چیمەن و گوڵی باخچەکان وشک بوونە.

زیاد کاکەڕەزا گوتی: داواکارین بە زووترین کات فریای باخچەکانی سلێمانی و سەوزاییەکانی شەقامەکان بکەون، وەک ساڵی ڕابردوو وشک نەبن، کاتێک پارەیان بۆ دابین کرا کە سوودی نەبوو جگە لە هەدەردانی پارەیەکی زۆر، چونکە لە وەرزی ئاودانی باخچەکاندا ماوەی 10ڕۆژ لە کاتی خۆیدا ئاودانییان دوا کەوت، ئەوکات وشک دەبن و سوودی نییە کە پاشتر پارەی بۆ سەرف بکرێت.

کاکەڕەزا گوتی: بەشێکی وشکبوونی باخچەکانی سلێمانی پێوەندیی بە ڕۆتینیاتی چۆنیەتیی ئاودانی باخچەکانەوە هەیە.

سەرۆکی فراکسیۆنی پارتی گوتیشی: دەبێ بەرپرسانی ئیداریی سلێمانی لە کاتی خۆیدا و پێشوەختە پارە بۆ ئاودانی باخچەکان دابین بکەن. ساڵی ڕابردوو حکوومەت زوو پارەی بۆ ئاودانی باخچەکان دابین کرد و خستییە سەر حیسابی حکوومەتی خۆجێیی، بەڵام پاریش بەهۆی ئەوە درەنگ دەست بە سەرفکردنی پارەکە کرا، وەک ئەمساڵ گرفتی وشکبوون ڕووبەڕووی باخچەکانی سلێمانی بووەوە.

# بڕیارە تا کۆتایی ئەمساڵ چوار پێشانگای دیکەی نێودەوڵەتی لە هەولێر بکرێنەوە

**خەبات- سەید فاتیح بەرزنجی:** نەوزاد ئەدهەم بەڕێوەبەری گشتی بازرگانی هەرێم بە خەباتی ڕاگەیاند: کردنەوەی پێشانگا بە بەشداری کردنی کۆمپانیا گەورەکانی وڵاتان لە پێشانگای نێودەوڵەتی هەولێر گرنگی و بایەخی تایبەتی خۆی هەیەو لەماوەی شەش مانگی یەکەمی ئەمساڵ ژمارەیەک پێشانگا کرانەوەو بڕیاریش وایە تا کۆتایی ساڵ چوار پێشانگای دیکەی گەورە لە پێشانگای نێو دەوڵەتی هەولێر بکرێتەوەو لە کاتی کردنەوەی یازدەهەمین پێشانگاش زۆرترین کۆمپانیا بۆ بیناسازی و کارەباو وزە لە وڵاتی تورکیا بەشداریان لە پێشانگاکەدا کردو قەبارەی ئاڵوگۆڕی




بازرگانی نێوان هەرێمی کوردستان و وڵاتی تورکیا ساڵانە دەگاتە 12ملیار دۆلارو هۆکاری ئەوەش بۆ ئارامی و هێمنی کوردستان دەگەڕێتەوە، بەوەش دەرفەتێکی زۆرباش بۆ ئاڵوگۆڕی بازرگانی لە نێوان کوردستان و وڵاتان دەڕەخسێت و لەسەرەتای ئەمساڵیشەوە تا ئێستا 11 پێشانگا کراوەتەوە.



# لە چەند ساڵی ڕابردوودا 60 هاووڵاتیی سڤیل بوونەتە قوربانیی شەڕی پەکەکە و تورکیا

ماوەی چەند ڕۆژێکە بە بیانووی هەبوونی چەکدارانی پەکەکەوە فڕۆکە جەنگییەکانی تورکیا خاکی هەرێمی کوردستان بوردوومان دەکەن و بەو هۆیەوە لە حەفتەی ڕابردوودا پێنج هاووڵاتیی سڤیل شەهید بوونە. پەرلەمانتارێکی فراکسیۆنی پارتییش دەڵێ، داوا دەکەن چیی تر هاووڵاتییانی هەرێمی کوردستان نەبنە قوربانیی شەڕی نێوان دوو لایەنی دەرەکی.



**جگە لە زیانی مادی، ساڵانە ژمارەیەک هاووڵاتیی سڤیلی هەرێمی کوردستان دەبنە قوربانی**

دکتۆر زێدان برادۆستی، پەرلەمانتاری پارتی لە پەرلەمانی کوردستان، بە ماڵپەڕی فەرمیی پارتی دیموکراتی کوردستانی ڕاگەیاند: بەهۆی شەڕ و پێکدادانی نێوان سوپای تورکیا و چەکدارانی پارتی کرێکارانی کوردستانەوە، ساڵانە ژمارەیەک هاووڵاتیی سڤیلی هەرێمی کوردستان دەبنە قوربانی. بەداخەوە ئەمساڵ بەهۆی تۆپباران و بوردوومانی تورکیاوە نزیکەی زیاتر لە 10 هاووڵاتیی سڤیل شەهید بوونە و ژمارەیەکی زۆرتریش بریندار بوونە، ئەمە جگە لە زیانی ماددی کە بەر هاووڵاتییان کەوتووە، لەبەر ئەوەش، داوا لە وڵاتی تورکیا و پەکەکە دەکەین شەڕی خۆیان نەهێنن بۆ ناو گوندەکانی هەرێمی کوردستان، با چیی تر هاووڵاتییانی بێتاوان نەبنە قوربانی.

پەرلەمانتارەکەی پارتی دەشڵێت: زیانی شەڕی تورکیا و پەکەکە تا دێت بۆ هاووڵاتییانی هەرێمی کوردستان زۆرتر دەبێت، چونکە بەپێی ئامارێک کە گەیشتووەتە دەستمان، تەنیا لە ساڵانی ڕابردوو لە سنووری ناحیەی سیدەکان نزیکەی 60 هاووڵاتی بوونەتە قوربانی، کە هیچ بەهانەیەک نییە بۆ لێدانی هاووڵاتییانی هەرێمی کوردستان و مەیدانی شەڕی پەکەکە و تورکیاش خاکی هەرێم نییە.


لەبارەی سەرهەڵدانی گرووپێکی دیکەی سەر بە پەکەکە لەسەر خاکی هەرێمی کوردستان، دکتۆر زێدان برادۆستی ئاماژەی بۆ ئەوە کرد: هەر گرووپ و هێزێک بەبێ مۆڵەتی فەرمی دابمەزرێت ئەوە دەچێتە دەرەوەی چوارچێوەی یاسا و ڕێنماییەکانی هەرێمی کوردستان و ڕاگەیاندنی ئەو گرووپەش هیچ پەیوەندییەکی بە هەرێمی کوردستانەوە نییە، چونکە حزبێکی دیکەی سەر بە پەکەکەیە و مۆڵەتی دەزگا فەرمییەکانی نییە، لەبەر ئەوەش، ئێمە بە زیان بۆ سەر هەرێمی کوردستانی دەزانین.

### لە دوا بۆردومانەکاندا چوار کەسی یەک خێزان شەهیدبوون

بە بیانووی بوونی بنکە و بارەگاکانی چەکدارانی پەکەکە سوپای تورکیا ناوچە سنوورییەکانی هەرێمی کوردستان بۆردومان دەکات و هەر لە ماوەی ئەم مانگەدا بۆ جاری دووەمە فڕۆکە جەنگییەکانی تورکیا خەڵکی سڤیلی ئەو ناوچانە دەکەنە ئامانج و ڕۆژی پێنجشەممە 2019/6/27 هەردوو گوندی بڕەدێ و عاشقوولکەی سەر بە شارەدێی سەنگەسەر لە بناری قەندیل بۆردوومانکرد و بەهۆیەوە 4 کەس شەهیدبوون و پێنج کەسی دیکەش بریندار بوونن کە هەموویان یەک خێزانن و لەناو ئۆتۆمبێلی خۆیاندا بوون.

بەپێی شاهێدحالان، بۆردوومانەکە بۆ سەر دوو ئۆتۆمبێلی جۆری تیۆتا مەرزیە و تیۆتا لاندکرۆزەر بووە و بە هۆیەوە 4 کەس شەهید بوون، کە لە دایک و باوک و منداڵیان بوون و 5 کەسی دیکەش بریندار بوون و بریندارەکان گەیەندرانە نەخۆشخانەی قەڵادزێ.

# حزبی ئیسلامی عێراقی ستایشی سەرۆک بارزانی و پارتی دەکات بۆ هاوکاریی لەو هەموو ئاوارە و پاراستنی ئاسایشی ناوچەکەدا



عەلی حسێن بەرپرسی مەکتەبی پەیوەندییەکانی کوردستانی و عێراقی پارتی دیموکراتی کوردستان بەئامادەبونی بەرپرسی دیسکی پارتە عەرەبییەکان و ئەندامانی مەکتەب، پێشوازی لە شاندێکی حزبی ئیسلامی عێراقی کرد کە پێکهاتبوون لە یونس هاشم ئەندامی مەکتەبی سیاسی و بەرپرسی پەیوەندییەکانی حزب لە هەرێمی کوردستان و فارس یونس ئەندامی مەکتەبی سیاسی و عەوەدی عەبدولفەتاح بەرپرسی حزب لە موسڵ. لە دیدارێکدا بەرپرسی پەیوەندییەکانی پارتی و شاندی میوان ڕەوشی شاری موسڵ و باروودۆخی خراپی ناوچەکە و هەماهەنگیەکان بۆ چارەسەر کردنی کێشەکان تیشکی خرایەسەر، هاوکات عەلی حسێن ئاماژەی بە پەیوەندی پارتی دیموکراتی کوردستان و حزبی ئیسلامی عێراقی کردو تەئکیدیشی کردەوە پارتی لە هەموو قوناغەکاندا هەنگاوی جدی ناوە بۆ پاراستنی بەرژەوەندیی نێوان پێکهاتەو مەزاهب و ئاین و ئاینزاکان لە تەواوی عێراقداو پاراستنی مافی تەواوی پێکهاتەکان لەعێراق و هەرێمی کوردستان، لەم بارەیەوە شاندی حزبی عێراقی ستایشی سەرۆک بارزانی و پارتی دیموکراتی کوردستانیان کرد بۆ ئەم هەماهەنگی و پاڵپشتی لەو هەموو ئاوارەو پاراستنی ئاسایش و وەک حزبێکی دیموکراسی و دڵسۆز بۆ پەیوەندیی و بەرژەوەندی گەلی عێراق و کوردستان کرد لەپێناو بڕیەتی و پێکەوژیانداو، پاشان هەردوولا دوایین پەرەسەندنەکانی ڕەوشی سیاسی و باروودۆخی عێراق و کوردستان و ناوچەکەو ئەنجامەکانی پێکهێنانی حکومەتی عێراق و کوردستان و گەیشتنی لایەنە سیاسییەکان بە ڕێکەوتنی کۆتایی تیشکی خرایە سەر، لەکۆتاییدا هەردوولا جەختیان لەیەکڕیزی و هەماهەنگی کارکردن لەپێناو پاڵپشتیکردن بۆ سەرکەوتنی پڕۆسەی سیاسی لە عێراق و هەرێمی کوردستان لەم قۆناغە هەستیارەدا کردەوە.

لە لایەکی دیکەدا، لە ڕێورەسمێکدا بەئامادەبونی عەلی حسێن بەرپرسی مەکتەبی پەیوەیوەندییەکانی کوردستانی و عێراقی پارتی دیموکراتی کوردستان و بەرپرسی دیسکی پارتە عەرەبییەکان لەمەکتەب و ژمارەیەک لە نوێنەرانی پارتە عێرقی و کوردستانییەکان، حزبی منبەری عێراقی دامەزراندنی پارتەکەی ڕاگەیاند. لە وتەیەکدا عەلی حسێن بەناوی پارتی دیموکراتی کوردستان پیرۆزبایی دامەزراندنی ئاراستەی سەرۆک و ئەندامانی مەکتەبی سیاسی و تەواوی ئەندامانی منبەر کردو تەکیدی لە پەیوەندی نێوانیان و هەمەهەنگی بۆ زیاتر خزمەت کردن بەپرۆسەی سیاسی لەعێراق و هەرێمی کوردستان لەپێناو بەرژەوەندی گشتی هاولاتیان کردەوە.

## وەزارەتی ئەوقاف ئاگادارییەک بۆ کۆمپانیاکانی نەفەرهەڵگر بڵاوەدەکاتەوە

**خەبات- جەوهەر شێخانی:** لە ئاگاداریەکدا کە وێنەیەکی بۆ ڕۆژنامەی خەبات نێردراوە، وەزارەتی ئەوقاف و کاروباری ئاینی هەرێمی کوردستان ڕایدەگەیێنێت، بە مەبەستی گواستنەوەی حاجیانی هەرێم و کەلوپەلەکانیان لە پارێزگاکانی هەرێم بۆ هەردوو فڕۆکەخانەی نێودەوڵەتیی هەولێر و سلێمانی بۆ پرۆسەی حەجی ئەمساڵ 2019 ئاگاداری سەرجەم کۆمپانیاکانی نەفەرهەڵگر دەکەینەوە، ئەوانەی ئارەزوومەندن بۆ ئەم مەبەستە ڕۆژی یەکشەمە(ئەمڕۆ) 30ی 6ی 2019سەردانی بەشی یاسایی لە وەزارەت بکەن. بۆ وەرگرتنی فۆرمی تایبەت و گەڕاندنەوەشی تا کاتژمێر 12پێش نیوەڕۆی ڕۆژی چوارشەمە 3/7/ 2019.

## هەولێر... کۆنفڕانسێک لەسەر مافی دەستکەوتنی زانیاری دەبەسترێت



یاسای مافی دەستکەوتنی زانیاری لەلایەن دەستەی سەربەخۆی مافی مرۆڤەوە چاودێری جێبەجێ کردنی دەکرێت و لە چەند شوێنێکدا بە پاساوی پاراستنی ئاسایشی نەتەوەیی و دابونەریتی گشتی پێدانی زانیاریی قەدەغەکردووە.

دوێنێ شەمە ڕێکخراوی ئاشتی و ئازادی کۆنفڕانسێکی لە شاری هەولێر لەبارەی یاسای مافی دەستکەوتنی زانیاری لە ئەمریکی بۆ بەرەپێدانی نێودەوڵەتی پاڵپشتیی دارایی دەکات، مەبەست لە وۆرکشۆپەکەش باسکردن بوو لەو یاسایە کە لەساڵی 2013 لە هەرێمی کوردستان دەرچووە و چەندین لایەنی ئەرێنی و نەرێنیشی تێدایە و لەو کۆنفڕاسە هەردوو ڕووەکەی خرانە ڕوو.

تۆیژەر و یەکێک لە قسەکەرەکانی ئەو کۆنفڕانسە جیهاد کامل لەوبارەیەوە بە ئاژانسی ئانادۆلوی ڕاگەیاند ئێمە وەکو ڕێکخراوی ئاشتی و ئازادی لەچوارچێوەی پڕۆژەی تەکامول کە ئاژانسی USAIDی ئەمریکی پشتگیریی دەکات لە بۆ گەیشتن بەزانیاریی و ئەمەش وا دەکات شەفافییەت و دیموکراسی باشتر بچەسپێت، بەڵام هێشتا یاساکە لە ڕۆژنامەی وەقائیع بڵاونەکراوەتەوە، دەمانەوێ کار بکەین بۆ ئەوەی ئەو یاسایە ڕێنمایی بۆ دەربکرێت و حکوومەت پەلە بکات لەوەی کە یاساکە جێبەجێ بکرێت و زانیارییەکان بگەنە دەستی هاوواڵتییان.

ئەو تۆیژەرە لە درێژەی قسەکانیدا گوتیشی ئێمە پێشنیازمان کردووە لە پرۆگرامەکانی خوێندن جێی ئەم یاسایە بکرێتەوە بۆ ئەوەی خەڵک پێی بزانێت و ڕابێت لەسەر داواکردن و دەست گەیشتنی بەزانیاریی.

هەروەها ڕوونیشی کردەوە، چەند شتێک لە یاساکە هەیە دەبێت ڕوون بکرێتەوە، بە نموونە پرسی ئاسایشی نەتەوەیی و نیشتمانی دەبێت ڕێنمایی بۆ دەربکرێت و بزانین چی ئاسایشی نەتەوەییە، چی دابونەریت و ئەو شتانەیە.

## زاخو... خیزانەک پێکهاتی ژ پێنج ئەندامان د ڕووبارێ خابیری دا دخەندقیت



ژمارە: ٥٢٤/كەتن/٢٠١٩
بەروار: ٢٠١٩/٦/١٢
ئاگەهدارى
بۆ/ تومەتبارێ رەڤى/ كاردار حسين اسماعيل
دەمێ تو يێ تومەتبار ب كێشا ژمارە ١٧٠/اساس/٢٠١٨ ئەوا هاتيە توماركرن ل بنگەهێ پوليسێن سێمێل لديڤ بەندێ (٤٥٣) ژ ياسايا سزا ژبەر كو جهێ ئاكنجيبوونا تە نەيێ ديارە بريار هاتە دان تو بهێيە ئاگەهداركرن برێكا بەلاڤكرنێ ب دوو رۆژنامێن ناڤخويى دا ئامادەبى بەرامبەرى ڤێ دادگەهێ سپێدەيا روژا ٢٠١٩/٨/٢١ بو دادگەهكرنا تە و بەروڤاژى ڤێ چەندێ دادگەهكرنا تە هێتە كرن ب پاشملله ل دويڤ ياسايێ.
دادوەر/ بيان اديب رشيد
دادوەرا دادگەها كەتن سێمێل
* * *

دادگەها كەتن سێمێل
ژمارە: ٥٢٥/كەتن/٢٠١٩
بەروار: ٢٠١٩/٦/١٢
ئاگەهدارى
بۆ/ تومەتبارێ رەڤى/ سليم محمد صالح حجي
دەمێ تو يێ تومەتبار ب كێشا ژمارە ٣٥٣/اساس/٢٠١٨ ئەوا هاتيە توماركرن ل بنگەهێ برايتى لديڤ بەندێ (٤٥٦) ژ ياسا سزا ژبەر كو جهێ ئاكنجيبوونا تە نەيێ ديارە بريار هاتە دان تو بهێيە ئاگەهداركرن برێكا بەلاڤكرنێ ب دوو رۆژنامێن ناڤخويى دا ئامادەبى بەرامبەرى ڤێ دادگەهێ سپێدەيا روژا ٢٠١٩/٨/٢٥ بو دادگەهكرنا تە و بەروڤاژى ڤێ چەندێ دادگەهكرنا تە هێتە كرن ب پاشملله ل دويڤ ياسايێ.
دادوەر/ بيان اديب رشيد
دادوەرا دادگەها كەتن سێمێل
* * *

دادگەها كەتن سێمێل
ژمارە: ٥٢٦/كەتن/٢٠١٩
بەروار: ٢٠١٩/٦/١٢
ئاگەهدارى
بۆ/ تومەتبارێ رەڤى/ محمد خليل سعدالله
دەمێ تو يێ تومەتبار ب كێشا ژمارە ٢٣٨/اساس/٢٠١٨ ئەوا هاتيە توماركرن ل نڤێسينگەها برايتى يا نەهێلانا گونەهباريا لديڤ بەندێ (٤٤٦) ژ ياسايا سزا ژبەر كو جهێ ئاكنجيبوونا تە نەيێ ديارە بريار هاتە دان تو بهێيە ئاگەهداركرن برێكا بەلاڤكرنێ ب دوو رۆژنامێن ناڤخويى دا ئامادەبى بەرامبەرى ڤێ دادگەهێ سپێدەيا روژا ٢٠١٩/٨/٢٦ بو دادگەهكرنا تە و بەروڤاژى ڤێ چەندێ دادگەهكرنا تە هێتە كرن ب پاشملله ل دويڤ ياسايێ.
دادوەر/ بيان اديب رشيد
دادوەرا دادگەها كەتن سێمێل
* * *

دادگەها كەتن سێمێل
ژمارە: ٥١٨/كەتن/٢٠١٩
بەروار: ٢٠١٩/٦/١٢
ئاگەهدارى
بۆ/ تومەتبارێ رەڤى/ اركان عبد رشيد
دەمێ تو يێ تومەتبار ب كێشا ژمارە ٣٨٧/اساس/٢٠١٨ ئەوا هاتيە توماركرن ل بنگەهێ پوليسێن برايەتى لديڤ بەندێ (٤٥٣) ژ ياسايا سزا ژبەر كو جهێ ئاكنجيبوونا تە نەيێ ديارە بريار هاتە دان تو بهێيە ئاگەهداركرن برێكا بەلاڤكرنێ ب دوو رۆژنامێن ناڤخويى دا ئامادەبى بەرامبەرى ڤێ دادگەهێ سپێدەيا روژا ٢٠١٩/٨/١٩ بو دادگەهكرنا تە و بەروڤاژى ڤێ چەندێ دادگەهكرنا تە هێتە كرن ب پاشملله ل دويڤ ياسايێ.
دادوەر/ بيان اديب رشيد
دادوەرا دادگەها كەتن سێمێل
* * *

دادگەها كەتن سێمێل
ژمارە: ٥٢٧/كەتن/٢٠١٩
بەروار: ٢٠١٩/٦/١٢
ئاگەهدارى
بۆ/ تومەتبارێ رەڤى/ ازاد احمد سعدون
دەمێ تو يێ تومەتبار ب كێشا ژمارە ١٦٣/اساس/٢٠١٨ ئەوا هاتيە توماركرن ل بنگەهێ پوليسێن تناهى لديڤ بەندێ (٢٤٠) ژ ياسايا سزا ژبەر كو جهێ ئاكنجيبوونا تە نەيێ ديارە بريار هاتە دان تو بهێيە ئاگەهداركرن برێكا بەلاڤكرنێ ب دوو رۆژنامێن ناڤخويى دا ئامادەبى بەرامبەرى ڤێ دادگەهێ سپێدەيا روژا ٢٠١٩/٨/٢٧ بو دادگەهكرنا تە و بەروڤاژى ڤێ چەندێ دادگەهكرنا تە هێتە كرن ب پاشملله ل دويڤ ياسايێ.
دادوەر/ بيان اديب رشيد
دادوەرا دادگەها كەتن سێمێل
* * *

دادگەها كەتن سێمێل
ژمارە: ٥٨/كەتن/٢٠١٩
بەروار: ٢٠١٩/٢/١٩
ئاگەهدارى
بۆ/ تومەتبارێن رەڤى/ شعيب محمد جاسم و هدى خباز شحاذه
دەمێ تو تومەتبار ب كێشا ژمارە ٣٤/اساس/٢٠١٨ ئەوا هاتيە توماركرن ل بنگەهێ پوليسێن ئەڤروستى لديڤ بەندێ (٤٥٦) ژ ياسايا سزا ژبەر كو جهێ ئاكنجيبوونا تە نەيێ ديارە بريار هاتە دان هين بهێيە ئاگەهداركرن برێكا بەلاڤكرنێ ب دوو رۆژنامێن ناڤخويى دا ئامادەبى بەرامبەرى ڤێ دادگەهێ سپێدەيا روژا ٢٠١٩/٤/٢٨ بو دادگەهكرنا تە و بەروڤاژى ڤێ چەندێ دادگەهكرنا تە هێتە كرن ب پاشملله ل دويڤ ياسايێ.
دادوەر/ بيان اديب رشيد
دادوەرا دادگەها كەتن سێمێل
* * *

دادگەها كەتن ل سێمێلێ
ژمارە/ ١٧١/جنح/٢٠١٩
رێكەوت: ٢٠١٩/٦/١٢
ئاگەهدارى
بو كەسيێ دادگەهكرى (اسماعيل ابراهيم حاجى) يێ نەنياس جهێ ئاكنجيبونا تويێ هاتيە دادگەهكرن ببێ ئامادەبوون ب بەندكرنا سڤك بو دەمێ سالەكێ (سنة واحدة) لديڤ بەندێ (١/٤٥٦/أ) ياسايا سزايى و ژبەر نەنياسا جهێ ئاكنجيبوونا تە بريار هاتەدان تۆ بێە ئاگەهداركرن ب بريارا دادگەهێ برێكا دوو روژنامێت نافخويى وتە ماڤێ هەى نەرازيبوونا خۆ دەربرى لسەر بريارا دادگەهێ ل دەمێ هاتيە دياركرن دياساييدا بۆ دەمێ (٣) سێ هەيڤا و بەروڤاژى ڤێ چەندێ بريارا دادگەهێ دێ هێتە پەسندكرن و دێ هێتە بجهئينان دەرهەقێ تەدا.
دادوەر/ بيان اديب رشيد
* * *

دادگەها بارى كەسايەتى ل سێمێلێ
ژمارە/ ٣٤٨/ش/٢٠١٩
رێكەفت/ ٢٠١٩/٦/٢٧
ئاگەهدارى
بۆ داوالێكراو (بيمان داود سليمان) جهێ ئاكينجى بوونێ نەديارە بريار هاتە دان ژلايێ ڤێ دادگەهێ دكێشا ژمارا وێ ل سەرى دياركرى ب پەسندكرنا تەلاقا دەركى (تصديق الطلاق الخارجى) ناڤبەرا تە وداواكار (ئاراس لقمان عبدو) ئەوا روداى دناڤبەرا تە وێدا ل ٢٠١٩/٥/١٣ وژبەر كو جهێ ئاكنجى بونا تە نەديارە لدويف ئاگەهداريا هەلبژير ودەستەكا قەزا سێمێلێ باتيل بالقوس ئەڤ بريار بەلاڤەكر وتە مافێ نەرازيبونێ وپيداجوونێ ل سەر بريارى هەيە بۆ ماوى (١٠) دەه روژا ژبەلافكرنا روژنامێ بەروڤاژى بريار دێ دوماهيك ئيت دەرهەقێ تەدا ل ديف ياسايى
دادوەر / زيرك محمد صديق عبدالكريم
* * *

وەزارەتى شارەوانى و گەشت و گوزار
سەرۆكايەتى شارەوانى هەولێر
لێژنەى يەكەمى فرۆشتن و بەكرێ دان

ژمارە:٩١٩٩/١٠
رێكەوت:٢٠١٩/٦/٢٧

ئاگادارى
ئاگادارى هاوڵاتيان دەكەينەوە كەوا لێژنەى يەكەمى فرۆشتن و بەكرێ دانى سەرۆكايەتى شارەوانى هەولێر هەڵدەستێت بە بەكرێ دانى موڵك لە (دوكان، گەراج، ماركێت.... هتد) لەم گەرەك و ناوچانەى كە لە خوارەوە هاتووە بە رێگاى زيادكردنى ئاشكرا بەپێى ياساى ژمارە ٣٢ ى ساڵى ١٩٨٦ هەركەسێك ئارەزووى بەشدارى كردنى هەيە سەر بدات لە سەرۆكايەتى شارەوانى هەولێر (لێژنەى ئاماژە پێدراوى سەرەوە و بەشى ژمێريارى/داهات) بۆ وەرگرتنى زانيارى دانانى بارمتەى ياسايى بە رێژەى ٢٠٪ كەمتر نەبێت لە نرخى خەملێنراو زيادكردنەكە كە لەرۆژى (٣٠) سى يەمين رۆژى دوايى بڵاوكردنەوەى ئەم ئاگاداريە لە رۆژنامە لە كاتژمێر ١٢ى نيوەڕۆ دەست پێ دەكات، كرێ گرتە پارەى بانگ كردن و بڵاوكردنەوەى دەكەوێتە ئەستۆ.
١- شوێن ( گەرەك – ناوچە)/ ژێر قەڵات ، پيشەسازى باشوور ، ٧٦ كونەگورگ ، تورەق ، شەقامى قەڵا ، شێخ احمد ، باداوە ، حسارۆك ، پيشەسازى باشوور ، پشت كۆمپانياى ٧٧) جۆرى بەكارهێنان/ (دوكان ، گەراج ، ماركێت ... هتد) ماوەى بەكارهێنان/ ٥ ساڵ.

ئەندازيار/ سامان محمد احمد
سەرۆكى شارەوانى هەولێر

## ئاگادارى

ئاگادارى گشت لايەك دەكەينەوە كە كۆمپانياى (Gediz) بۆ كارگێرى نەخۆشخانە) بريارى گۆرينى (ناوى)ى كۆمپانياى داوە لە كۆمپانياى (Gediz) بۆ كۆمپانياى (SANTE CARE)، بۆيە هەر كەسێك نارەزايى يان مافێكى لەسەر كۆمپانيا هەيە با لە ماوەى ياسايى سەردانى بەرێوەبەرايەتى كۆمپانياكانى هەولێر بكاتەوە لە شارى (هەولێر- جووت سايدى بەختيارى- تەنيشت سوپەرماركێتى ماجستى) بۆ يەكلايكردنەوەى كێشەكان.

پشتيوان مصطفى قادر

بەرێوەبەرى كۆمپانياكان هەولێر/بەوەكالەت

بەڕێوەبەرایەتی جێ بەجێکردنی دهوك
ژمارە / ٢٠١٧/٢٠٦٩
ڕێکەوت/ ٢٠١٩/٦/٢٧
راگەهاندن
بڕیار هاتە دان ب فروتنا پشکا قەردار (عبداللە عبداللە محمود) بتنێ ژ مولکێ ژمارە (٩٩٠/٢) کەرتێ (٧٩/بروشکی الجنوبیە) کو دکەڤیتە (دهوك) وهاتیە دەستەسەرکرن لدیڤ داخازا قەردەر (کومپانیا شرین) بکوژمێ (١٨٠٠٠٠٠٠) هەژدە ملیون دینار هەر کەسێ بقیت بکریت سەردانا ڕێڤەبەریا مە بکەت دماوێ (٣٠) سیە ڕوژا کو دەست پێ دکەت ژ ڕوژا پشتی ڕاگەهاندنێ وتەئمیناتێن یاسایی دگەل خودا بینیت بڕێژا (١٠٪) ژ کوژمێ خەملاندی یێ قەردارى بتنێ کو دبیتە (٧٨٠٠٠٠٠٠)حەفتێ وهەشت ملیون دینار دگەل ڕەگەزنامایا عیراقی بو زانین ڕە سمێ تومارکرنێ ودەلالیەت لسەر بکری یە سالوخەت : جە وژمارە دهوك (٩٩٠/٢) کەرتێ (٧٩/بروشکی الجنوبیە)جور پێك هاتیە ژ خانیێ ئاکنجیبوونێ سنور وسالوخەت پێك دهێت ژ دوو ژورێن نقستنێ ولێنانگەهە وپێکهاتێن ساخلەمیێ ڕوبەر (١٠٩,٣٣) م٢ کوژمێ خەملاندی یێ پشکا قەرداری بتنێ (٧٨٠٠٠٠٠٠)حەفتێ وهەشت ملیون دینار
ژڤان عزیز محمد / ڕێڤەبەر (جێ بەجێ کاری داد)
* * *
دادگەها بەرایی ل سێمێلێ
ژمارە / ١٩٧/ ب/ ٢٠١٩
میژوو / ٢٠١٩/٦/٢٦
ئاگەهداری
بۆ داوالێکراوان / ( ١/ ولات حسن موسی ، ٢/ زهرة حسن موسی ، ٣/ محمود حسن موسی ، ٤/ عبدالحمید حسن موسی ، ٥/ شرین حسن موسی ، ٦/ پروین حسن موسی ، وکەسێ سیێ دگەل داواکاران / ابراهیم حسن موسی ) شوێنی دانیشتنا هەوە نە دیارە .
داواکار ( نیری یوسف عبداللە ) ل داوای ژمارا وێ ل سەری دیارکری تومار کریە دژی هەوە داوا دکەت تومارکرنا خانیێ ژمارە(٢٦٩٤/١) کەرتێ (١١ سمیل) ب ناڤێ خو کو هەوە کوژمێ پارەی وەرگرتیە ( ٤٠,٠٠٠,٠٠٠ ) چل ملیون دینارێت عیراقی ، ژبەر نە حازربوونا هەوە ل ڕێڤەبەریا تومارکرنا خانوبەرا ل سێمێلێ کو هین دهێنە هژمارتن لێڤەبوی ل دیف وهوژداریا ژمارە ( ٢٥٥/انذار/٢٠١٨ ) فەرمانگەها دادنووسی سمیل ل دیف بریارا ژمارە ( ١١٨٩ ) سالا ( ١٩٧٧ ) ، ژبەر نەشتەجیبوونا هەوە نادیارە بەپێی ئیشعاری موختاری گەرەکا خابور ل قەزا زاخو ل ڕوژا ( ٢٠١٩/٥/٢٩ ) و ل ڕوژا ( ٢٠١٩/٦/٢٤ ) بۆیە دادگەها بریار دا تە ب ریکا دوو ڕوژنامەی ناوخویی ڕوژانەدا ئامادەبی ل بەرامبەری ڤێ دادگەهێ ل ڕوژا ( ٢٠١٩/٧/٤ ) دەمژمێر نەهی سپێدێ وبەروڤاژی ڤێ چەندێ دادبینی دێ هێتەکرن ب پاش ملە ل دیڤ یاسایی .
دادوەر / ابراهیم خشمان گرگری
* * *
دادگەها بەرایی / زاخۆ
ژمارە /٤٣١/ ب/٢٠١٨
میژوو/ ٢٠١٩/٦/٢٧
ئاگەهداری
بۆ داوالێکراوان /( یاسمین حیران جلبی ) جهێ ئاکنجیبینا بەری زاخو – کیستە ، و( زابیل حیران جلبی ) جهێ ئاکنجیبینا بەری زاخو – کیستە , جهی ئاکنجیبینا نوکە نە دیارە . ڤێ دادگەهێ ل ڕوژا (٢٠١٩/٥/٢٨) ل داوا ژمارا (٤٣١/ب/٢٠١٨) بریار دا ب پابەندکرنا داوالێکراوان بیکفە ب دانا کریا وەکهەڤ یا پرکردناخانووبەری ژمارە (١٦٥/٧) کەرتی کیستە ) ژ ماوی ( ٢٠٠٥/١/١ ) تا ( ٢٠١٥/١٢/٣١ ) بکوژمی ( ١٦,٥٠٠,٠٠٠ ) شازدە ملیون وبینج سەد هزار دینار ، و دگەل خەرجی خستنە ئەستوو ماندیبوونی پارێزەران بۆ بریکارێ داواکاری پارێزەر ( ڕشیدە خواستی فرمان ) کوژمێ ( ١,٦٥٠,٠٠٠ ) ملیون و شەش سەد و پێنجی هزار دینار ,و ژبەر دیار نەبینا جهێ ئاکنجیبینا وە لدیڤ نڤیسارا بنگەهێ پولیسێن ( دەلال ) یا ژمارە ( ٢٦٢٥ ) ل ( ٢٠١٩/٦/١٧ ) دگەل ئیشعارا هەلبژارێ تاخی کیستە ، دادگەهێ بریاردا ب بەلاڤکرنا ڤێ ئاکەهداریێ د دوو ڕوژنامە ییّن نافخویی و ڕوژانە دا ، دا تو بهێیە ئاگەهدارکرن ب بریارێ ، و تە مافێ نەرازیبین و پێداچوونێ هەیە دماوێ یاساییدا و بەروڤاژی بریاردێ پلا بنبرێ وەرگرت ...
دادوەر/ احمد حسن خلف
* * *
دادگای بەرایی هەولێر/٦
ژمارە:٣٠٨/ب/٢٠١٩٦
ڕێکەوت: ٢٠١٩/٦/٢٦
پێڕاگەیاندن
بۆ/ داوالێکراو (ڕۆژگار محمد یابە خاوەن کۆمپانیای فرۆکەوانی (HOLIDAY (PLLANNERS
داواکار(رمزیە صابر محمد) داوای ژمارە (٣٠٨/ب/٢٠١٩٦)ی لەم دادگایە تۆمارکردووە لەسەر داوالێکراو (ڕۆژگار محمد یابە خاوەن کۆمپانیای فرۆکەوانی (HOLIDAY PLLANNERS)ئەم دادگایە لە دادبینی ڕۆژی ٢٠١٩/٥/٢٦ بڕیاریدا بە پابەندکردنت بە دانی بڕی پارەی (١٥,٠٠٠) پانزە هەزار دۆلاری ئەمریکی بەرامبەر بە ١٨,٠٠٠,٠٠٠ هەژدە ملیۆن دیناری عێراقی لەگەڵ خستنە ئەستۆی تێچووی داوا، لەبەر ئەوەی شوێنی دانیشتنت نادیارە بەپێی اشعاری موختاری (گەڕەکی منتکاوە) لە ٢٠١٩/٢/٥ بۆیە ئەم دادگایە بڕیاریدا بە پێڕاگەیاندنت لەرێگای دوو ڕۆژنامەی ناوخۆیی بۆ مەبەستی پێ ڕاگەیاندنت وە ئێوەمافی نارەزایی (اعتراض) وە تێهەڵچوونەوە و پێداچوونەوەتان هەیە لە ماوەی (٣٠) سی ڕۆژ لە بڕیاری پاشملەی دادگا بە پێچەوانەوە بڕیارەکە پلەی بنبڕ و کۆتایی وەردەگرێت.
دادوەر/کاوە صدیق حسین
* * *
دادگای بەرایی سلێمانی/٢
ژمارە: ٢٨٥٣/ب/٢٠١٧
بەروار: ٢٠١٩/٦/٢٧
ئاگاداری
داواکار/ ارتورماریك فریدون رفیق
داوالەسەرکراو/ دلّسۆز محمود طاهر
بۆ داوالەسەرکراو (دلّسۆز محمود طاهر) داواکار بەناوی (ارتورماریك فریدون رفیق) لەم دادگایە داوایەکیان لەسەر تۆمارکردون بەژمارە (٢٨٥٣/ب/٢٠١٧) تایبەت بە (لابردنی هاوبەشی (ازالة شیوع) لەسەر شوقەی ژمارە (١٠٢ لە نهۆمی ٢ بالّاخانەی ٢٧ لە پرۆژەی نیشتەجێبوونی صائب ستی) لەبەر ئەوەی شوێنی نیشتەجێبوونتان نادیارە بۆیە ئەم دادگایە بڕیاریدا بە ئاگادارکردنەوەتان لە دوو ڕۆژنامەی نێوخۆی فەرمی (رسمی) بەمەبەستی ئامادەبوونتان بۆ دادگایی کردن بۆ ڕۆژی (٢٠١٩/٧/١٦) سەعات (١٠,٠٠) یان نارەنی بریکارێك بەپێچەوانەوە ئامادەنەبن بەپێی یاسا داواکە دەبینرێت.
دادوەر/ کمال رضا احمد
* * *
دادگای بەرایی سلێمانی/٢
ژمارە: ٢٨٥٤/ب/٢٠١٧
بەروار: ٢٠١٩/٦/٢٧
ئاگاداری
داواکار/ ارتورماریك فریدون رفیق
داوالەسەرکراو/ دلّسۆز محمود طاهر
بۆ داوالەسەرکراو (دلّسۆز محمود طاهر) داواکار بەناوی (ارتورماریك فریدون رفیق) لەم دادگایە داوایەکیان لەسەر تۆمارکردون بەژمارە (٢٨٥٤/ب/٢٠١٧) تایبەت بە (لابردنی هاوبەشی (ازالة شیوع) لەسەر شوقەی ژمارە (١٠٢ لە نهۆمی ٢ بالّاخانەی ٢٧ لە پرۆژەی نیشتەجێبوونی صائب ستی) لەبەر ئەوەی شوێنی نیشتەجێبوونتان نادیارە بۆیە ئەم دادگایە بڕیاریدا بە ئاگادارکردنەوەتان لە دوو ڕۆژنامەی نێوخۆی فەرمی (رسمی) بەمەبەستی ئامادەبوونتان بۆ دادگایی کردن بۆ ڕۆژی (٢٠١٩/٧/١٦) سەعات (١٠,٠٠) یان نارەنی بریکارێك بەپێچەوانەوە ئامادەنەبن بەپێی یاسا داواکە دەبینرێت.
دادوەر/ کمال رضا احمد
* * *

Crescent Petroleum

| Job Details | |
|---|---|
| Position Title | Senior Electrical Technician |
| Direct Supervisor | Maintenance Supervisor- Electrical |
| Department | Maintenance |
| Job Location | Khormor – Kurdistan region of Iraq |
| Document Ref: SET/M/July/19 | |

**Job Summary and Scope of Responsibilities**

**MAJOR FUNCTIONS**

Authorized Electrical Person with valid certificate. Executes all electrical planned and corrective maintenance on Khormor installations in accordance with both local and industry standards. Undertakes Low Voltage (LV) and High Voltage (HV) switching in accordance with operational procedures. Troubleshoots and fault finding on electrical equipment/systems and on instrumentation and controls. Assists in undertaking planned and corrective maintenance activities. Provides input in creating and reviewing maintenance procedures, job plans and work instructions. Fully conversant hazardous area classification and electrical material classes. Reports to Maintenance Supervisor – Electrical.

**Primary Duties and Responsibilities**

**ESSENTIAL FUNCTIONS**

**Work Responsibilities and Planning**

1- Adheres to technical Governmental and Company rules, regulations and procedures.
2. Ensures all lifesaving, firefighting and emergency systems are well maintained and are ready for immediate use.
3. Conversant and compliant with the Company's Integrated Management System.
4. Understands, implements and supports Khormor maintenance strategy and philosophy.
5. Administers maintenance work in close coordination with the maintenance planning and scheduling processes.
6. Adheres to the Khormor Permit to Work system.
7. Participates in Task Risk Assessments, incident investigations, safety meetings and toolbox meetings emergency response exercises/drills.
8. Acts as a team-player in the multifunctional operations and maintenance team.
9. Maintains proper housekeeping.
10. Develops cross-discipline multi-tasking within Production Operations and Maintenance group activities.
11. Troubleshoots electrical and related problems both independently and in liaison with vendor specialists.
12. Assists third party inspections and Instrument repair services.
13. Participates in the Emergency Response organization as required (this may include responsibilities in Search & Rescue and Fire Fighting).
14. Contributes to development and implementation of procedures and work instructions for the completion of electrical related tasks.

**Data Collection**

15. Collects data related to power frequency, load sharing, reactive power, negative sequence current values, protection relays logged alarms order to enable analyses the electrical loads and equipment condition.



Crescent Petroleum

**Work Permit**

16. Prepares application for work permits and understands and implements the permit conditions prior to commencement of work.

**Reporting and Communication**

17. Reports to the Maintenance Supervisor – Electrical on all issues relating own responsibilities.
18. Exhibits and maintains excellent working relationships with all Company staff.

**Continuous Improvement of Position**

19. Conducts studies to identify areas for improving facilities on a continuous basis in order to facilitate the operations. Recommends improvement actions and practices to senior management.

**Decision–making Authority**

Decision making as required to implement day to day management of Electrical activities.

**Working and Other Relationships**

| | |
|---|---|
| Maintenance Supervisor – Electrical<br>Planning, Engineering, Supply Chain, and HSE, etc. | Frequent/daily<br>Frequently |

**Minimum Educational, Technical Qualifications/Certifications Required**

Electrical Engineering qualification. Preferred candidate with HV switching certificate, ATEX certificate, AEP certified

**Minimum Professional Experience Required**

At least 8 years' experience in the oil & gas and/or related industries.
Proven experienced in working with EX rated equipment.

**Supervisory Responsibility**

Mentor Electrical technicians.
Supervising contractors and third parties.

**Special Requirements and Conditions**

Must be physically fit, able to work under severe weather conditions and able to climb ladders and stair cases to elevated work platforms to monitor/repair electrical equipment.



Crescent Petroleum

**Competencies/Knowledge, Skills and Abilities**

| Core Competencies | Behavioral Competencies | Functional Competencies |
|---|---|---|
| • Excellent communication skill in English (spoken & written)<br>• Commitment to continuous improvement.<br>• Good experience with OJT.<br>• Time management<br>• Problem solving skills<br>• Certified Electrical person with experience in High voltage systems and power generation. | • Able to react in case of emergencies in order to assure that the safety is not jeopardized.<br>• High team spirit awareness<br>• Self-starter, flexible, initiative, positive approach to all aspects of work. | • Knowledge of electrical/system functions, drawings including HV, switch gear equipment.<br>• Development on SLD and as built electrical drawings.<br>• Maintain and improve electrical equipment availability and reliability.<br>• Authorized as performing authority in Permit to Work (PTW) system.<br>• Good Leadership skill.<br>• Competent to carry out LV and HV electrical isolation.<br>• Good working knowledge of MS office.<br>• Analytical skills to identify and resolve electrical related problems<br>• Awareness of emergency response plans.<br>• Strong working knowledge of computerized maintenance management systems (such as Maximo) and Integrity (risk based) maintenance procedures<br>• Fully experienced in working with safety and basic understanding of local safety management legislation<br>• Experienced with oil and gas production equipment and utility systems including pumps, compressors, power generation and related electrical process control loops and systems |

**Please submit your application or CV to our office addresses as below no later than 09 July 2019**

**1- Erbil, Gulan Park Tower, Floor 5th**
**2- Sulaymaniyah, Qaiwan Tower, Floor 16th**

**OR**

**Email to us at: jobs_cpdg@crescent.ae (Kindly mention in the Subject of your E-mail the Job title and Job reference which is Senior Electrical Technician: Ref: SET/M/July/19)**

www.xebat.net
یەک شەممە 2019/6/30 ژمارە (5778)
خەبات



# ئەزموونی هەستانەوە و سەرکەوتنی میللەتێک

**تا : هەندرێن شێرزاد**

ڕۆژی 27ی شوباتی ڕابردوو، هەموو میدیاکانی جیهان ڕوویان وەرچەرخاندە ئاراستەی ئەو لوتکەیەی کە لە نێوان سەرۆکی ئەمەریکا و سەرۆکی کۆریای باکوور لە هانۆی پایتەختی ڤیێتنام ئەنجام درا، بەو پێیەی لەوێ سەرۆکی دوو وڵاتی زۆر ناکۆک بەیەک گەیشتن . ئەگەرچیش زۆربەی چاوەکان لەسەر ڕووداوە سیاسیەکە بوون، بەڵام بەشێکی ئەو چاوانە چوونە سەر ئەو پێشکەوتنە دیبلۆماسیەی سالانێکە ڤیێتنام لە سەر ئاستی هەرێمی و نێودەوڵەتی بەخۆیەوە دەیبینێ .زۆربەی بۆچوونەکان پێیان وایە ئەم وڵاتە خەریکی کێشانی وێنەیەکی دیکەی جیاوازە بۆ خۆی، وێنەیەک کە تیایدا ئەوە بە جیهان دەوترێ ئیدی ئێمە یەکێک نین لە هەژارترین وڵاتانی باشووری ڕۆژهەڵاتی ئاسیا .

## هانۆی ڕازیبە

ئەگەرچی کۆبوونەوەی لوتکەی نێوان ترامپ و کیم لە هانۆی ئەنجامی ئەوتۆی لێ نەکەوتەوە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا ڤیێتنام ڕەزامەندیەکی بەرچاوی پێوە دیارە، ڕەزامەندیی بەرامبەر بە دەستەبەرکردنی نزیکبوونەوەی زیاتر لە واشنتۆن و سەردانی کیم جۆنگ بۆ کۆمپانیای سامسۆنگ لە ڤیێتنام.

سالی 2008کۆمپانیای زلهێزی سامسۆنگ بە سەرمایەی 670ملیۆن دۆلار لە ڤیێتنام کەوتە سەرمایەگوزاریی و ئەمەش بووە هۆی بەرزکردنەوەی ڕێژەی داهاتی نەتەوەیی لەم وڵاتەدا، بە جۆرێک تەنیا پارسالْ ئەو ڕێژەیە 58ملیار دۆلاری تێپەڕاند . لە لایەکی دیکە، ئەم کۆمپانیایە بۆتە یەکێک لە کۆڵەگە ئابووریە گرنگەکانی ڤیێتنام . لە ڕاستیدا ئەگەر ڤیێتنام لە سالانی داهاتوودا بتوانێ گەشەی زیاتر وەدەست بێنێ، ئەو کاتە دەکرێ بوترێ ئەم وڵاتە بە ڕێگاوەیە بۆ ئەوەی ببێتە یەکێک لە گرنگترین ئابووریەکانی جیهان.

## ئابووریەکی لاواز و داخراو

زۆربەی شارەزایان گەشەکردنی باری ئابووری ڤیێتنام بە خولی شەشەمی سالی 1986ی پەرلەمانی ئەو وڵاتەوە گرێ دەدەن، بەڵام لە ڕاستیدا سەرەتای ئەم گەشەکردنە بۆ دە ساڵ پێش ئەم ڕێکەوتە دەگەڕێتەوە، واتە لەگەڵ کشانەوەی هێزە سەربازیەکانی ئەمەریکا لە سالی 1974، دوای مۆرکردنی ڕێککەوتنی پاریس لە 1973لەو قۆناغەدا ئابووری ڤیێتنام پشتی بە چاندن و نارنەدەرەوەی برنج دەبەست، هەر ئەمەش سەرچاوەی سەرەکی داهات بوو و زیاتر لە 70%ی دەستی کاریش لەو بواڕە کاری دەکرد، بەڵام دواتر شەڕ بەشی هەرەزۆری ئەو بواڕەی لەناوبرد، بە جۆرێک وای لێهات چاندنی برنج بەشی پێویستی ناوخۆیی نەکات .لە سەرەتای هەشتاکاندا، تەنگژەی ئابووری گەیشتە لووتکە، بە تایبەتی دوای ئەو ئابلۆقە ئابووری و سەربازیەی لەلایەن واشنتۆنەوە خرایە سەر هانۆی بەهۆی داگیرکردنی کەمبۆدیا لە سالی 1978و لەناوبردنی دەسەلاتی خەمیرە سوورەکان .ئەو کات ڤیێتنام لەسەر ئاستی ناوخۆیی دووچاری گۆشەگیریەکی توند بووەوە، دواتر سزا ئەمەریکیەکانیشی هاتە سەر، حزبی شیوعیش هۆکاری سەرەکی ئەو تەنگژەیە بوو، بەو پێیەی هەمیشە هەوڵی دەدا لەسەر حیسابی شیوعیەتی چینی لە ئەزموونی سۆڤیەت نزیک ببێتەوە، لەلایەکی دیکە ئەو سیاسەتە چەوتانەی کە لی دوان پیادەی دەکرد، بەشێکی دیکەی کێشەکە بوو، ناوبراو دژی هەموو جۆرە کرانەوەیەکی بازرگانی بوو، هەروەها رازی نەبوو بە بونیادنانی بازاڕی ئازاد.

## سیاسەتەکانی ئەندازیاری جەنگ

لی دوان، ئەو کەسەی لە ماوەی خولی سێیەمی پەرلەمان لە سالی 1968تا کاتی مردنی لە سالی 1986 سەرکردایەتی حزبی شیوعی ڤیێتنامی گرتە دەست، یەکێک بوو لە گرنگترین ئەو سەرکردانەی کاریگەریی زۆریان هەبوو لەسەر سیاسەت و ئابووریی ڤیێتنام لەو بەلاّم پشتگیریی لە ڕادەبەدەری دوان بۆ ناوەندیی دەسەلاّت و کۆکردنەوەی هەموو بڕیارە سیاسی و ئابووریەکان لە دەستی پارتی دەسەلاّتدار بووە هۆی لەباربردنی ئەزموونی ئابووری، بە جۆرێک لە نیوەی هەشتاکان ئابووری ڤیێتنام ڕووبەڕووی تووندترین گرفت بووەوە و ئاستەکانی هەلاّوسان گەیشتە . %770ـەم بارودۆخە تا سالی 1986 درێژەی کێشا ، ئەو سالە نیجوین ڤان لین سەرکردایەتی حزبی شیوعی گرتەدەست . ناوبراو شارەزاییەکی تەواوی لەبواری ئابووری هەبوو و سەرەتا نەخشەیەکی نوێی دارشت، لەو کاتەشەوە ئابووری وڵات ڕووی لە گەشانەوە کرد .

### ئابووری:

| | |
|---|---|
| کۆی داهاتی ناوخۆیی: | **170ملیار دۆلار** |
| داهاتی سالانەی تاک: | **4000 دۆلار** |
| ڕێژەی گەشەکردن: | **5.3٪** |
| ڕێژەی بێکاری: | **1.3٪** |
| ڕێژەی هەلاّوسان: | **6.8٪** |
| قەرزی دەرەکی: | **68.38 ملیار دۆلار** |

قۆناغەدا، نەوەک لەبەر ئەوەی دوان ئەندازیاری ئەو جەنگە بوو کە سوپای ئەمەریکای لە وڵات وەدەرنا بەڵکو لەبەر ئەوەی ئەو خاوەنی تیۆرێکی تایبەت بوو سەبارەت بە گەشەکردنی بواری ئابووری و باشترکردنی گوزەرانی خەڵک لە ڕێگەی دارشتنی پلانێکی ناوەندیی تۆکمە و درێژخایەن .

## پلانی دوی موی

ئەو پلانەی لە لایەن نیجوین ڤان لین ڕاگەیەنرا بە دوی موی ناونرا و لەلایەن حزبی شیوعییەوە پشتگیری لێ کرا، پلانەکە بریتی بوو لە :

ئەنجامدانی چاکسازیی لەو بڕیارانەی تایبەت بوون بە مولکداریێتی زەوی کشتوکاڵی، بۆ یەکەم جار ڕێگە بە ئەندام لە ڕێکخراوی ئاسیان.

سالی 2001ڕێککەوتنی ئاڵوگۆڕی بازرگانی لەگەڵ واشنتۆن مۆر کرد.

## دوژمنی دوێنێ و دۆستی ئەمڕۆ

سالی 1995ئیدارەی بیل کلینتۆن ڕایگەیاند کە پەیوەندیەکانی نێوان واشنتۆن و هانۆی ئاسایی بوونەتەوە، ئەمە هەنگاوێک بوو بۆ ئەوەی سالی 2007ڤیێتنام ببێتە ئەندامی ڕێکخراوی بازرگانی جیهانی.

سالی 2016ئیدارەی ئۆباما ئابلۆقەی بازرگانیکردنی چەکی لەگەڵ ڤیێتنام لادا.

دەسەلاّتدارانی ڤیێتنام 16 ڕێککەوتنی تایبەت بە بازرگانی نێودەوڵەتیان مۆر کرد، ئەمە بووە هۆی دابەزاندنی تەعریفەی گومرگی لەسەر هەناردە و هاوردە.

هاوکات بە یارمەتی بانکی نێودەوڵەتی و چەندین دامودەزگای نێودەوڵەتی دیکە دەست کرا بە جێبەجێکردنی هەڵمەتێکی بوژانەوەی نێوخۆیی. سالی 2010 چەندین کۆمپانیای گەورەی وەک سامسۆنگ و ئەنتل و هی دیکە خۆیان خزاندە نێو بازاڕەکانی ڤیێتنام.

ڤیێتنامیەکان درا بە گوێرەی خواستی خۆیان زەویوزارەکانیان بۆ کشتوکاڵ بەکار بێنن، بەڵام هەر کاتێک جوتیار زەوی خۆی بەجێ بێڵێ، حکوومەت دەتوانێ زەویەکە وەربگرێتەوە .

سالی 1990قۆناغی کێڵگە بەکۆمەڵەکان دەستی پێکرد، حکوومەت دەیویست باجی زیاتر دەستەبەر بکات، ئەوەبوو جوتیاران لە کێڵگەی بە کۆمەڵ کۆکرانەوە کە مولکی دەوڵەت بوون، بەمەش ڕێژەی باج گەیشتە 40٪ .

سالی 1989ڤیێتنام لە ڕووی هەناردەکردنی برنج بووە سێیەم وڵات لەسەر ئاستی جیهان.

دەست کرا بە هەوڵدان بۆ پەلکێشکردنی سەرمایەی بیانی، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا ڤیێتنام نەیتوانی بەسەر سزا ئەمەریکیەکاندا زاڵ بێ.

## گەڕانەوە بۆ نێو کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی

سالی 1989ڤیێتنام لە کەمبۆدیا کشایەوە و لە بەرامبەردا ئەمەریکا سزای گەشتکردنی بۆ ڤیێتنام لادا و دواتر سزای ئابووری و سەربازیش لادرا و ڤیێتنام گەڕایەوە نێو کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی .هانۆی هەوڵی دا ببێتە ئەندامی ڕێکخراوی بازرگانی جیهانی، ئەمەش بووە هۆی بەرزکردنەوەی بەهای سەرمایەگوزاریی.

سالی 1992زیاتر لە 17 هەزار کۆمپانیای تایبەت دامەزرێنرا . ژمارەیەک یاسا داڕێژران سەبارەت بە دانان بە ڕۆلی کەرتی تایبەت لە ئابووری وڵات.

سالی 1995ڤیێتنام بووە ئەندام لە ڕێکخراوی ئاسیان.

سالی 2001ڕێککەوتنی ئاڵوگۆڕی بازرگانی لەگەڵ واشنتۆن مۆر کرد.

## دوژمنی دوێنێ و دۆستی ئەمڕۆ

سالی 1995ئیدارەی بیل کلینتۆن ڕایگەیاند کە پەیوەندیەکانی نێوان واشنتۆن و هانۆی ئاسایی بوونەتەوە، ئەمە هەنگاوێک بوو بۆ ئەوەی سالی 2007ڤیێتنام ببێتە ئەندامی ڕێکخراوی بازرگانی جیهانی.

سالی 2016ئیدارەی ئۆباما ئابلۆقەی بازرگانیکردنی چەکی لەگەڵ ڤیێتنام لادا.

دەسەلاّتدارانی ڤیێتنام 16 ڕێککەوتنی تایبەت بە بازرگانی نێودەوڵەتیان مۆر کرد، ئەمە بووە هۆی دابەزاندنی تەعریفەی گومرگی لەسەر هەناردە و هاوردە.

هاوکات بە یارمەتی بانکی نێودەوڵەتی و چەندین دامودەزگای نێودەوڵەتی دیکە دەست کرا بە جێبەجێکردنی هەڵمەتێکی بوژانەوەی نێوخۆیی. سالی 2010 چەندین کۆمپانیای گەورەی وەک سامسۆنگ و ئەنتل و هی دیکە خۆیان خزاندە نێو بازاڕەکانی ڤیێتنام.

## ناسنامە

**ناوی فەرمی: کۆماری ڤیێتنامی سۆسیالیستی**

**پایتەخت: هانۆی**

**زمان: ڤیێتنامی و ئینگلیزی زمانی دووەمە، هەروەها خەڵکەکەی بە چەند زمانێکی وەک فەرەنسی و چینیش قسە دەکەن.**

**سیستمی سیاسی: کۆماریی سۆسیالیستی**

**ڕێکەوتی سەربەخۆبوون: 2ی سێپتەمبەری 1954**

**دراو: دۆنگ.**

**جوگرافیا: دەکەوێتە باشووری ڕۆژهەڵاتی کیشوەری ئاسیا، لە باکوور چین و لە ڕۆژهەڵات دوورگەی تۆنگین و لە ڕۆژئاوا لاوس و تایلاند و کەمبۆدیا هەن.**

**ڕووبەر: 331.210 کیلۆمەتر چوارگۆشە**

**ژمارەی دانیشتوان: 93.421.835 کەس**

**دابەشبوونی دانیشتووان بە گوێرەی ڕەگەز:**
85.7٪ ڤیێتنامییەکان، 1.9٪ تای، 1.8٪ سای، 1.5٪ میونگ، 1.5٪ خومەکان، 1.2٪ هواکان، 1.1٪ ننەکان، 1٪ همونگەکان، 5.3٪ ئەوانی دیکە.

**ئایین:**
**9.3** ٪ بوزیەکان
**6.7** ٪ کاسۆلیک
**1.5** ٪ هاو
**1.1** ٪ کاودای
**0.5** ٪ پرۆتستانت
**0.1** ٪ موسوڵمان
**80.0** ٪ ئاینیان نییە.

## مانشێت




**سکای نیوز:**
لە میانی سازکردنی کۆنگرەی لوتکەی گرووپی 20لە ژاپۆن، تیرێزا مای سەرۆکوەزیرانی بەریتانیا داوای لە پۆتن کرد دەستبەرداری ئەو کردەوانە بێ کە دەبنە مایەی خولقاندنی نائارامی .



**ڕۆژنامەی ئەلحەیات:**
وەزارەتی خەزێنەی ئەمەریکا ژمارەیەک سزای بەسەر کۆڕی نیکۆلاس مادۆرۆی سەرۆکی ڤەنزویلادا سەپاند .



**ڕۆژنامەی ئەلشەرقولئەوسەت:**
بزووتنەوەی تالیبان لە ماوەی چەند هەفتەی ڕابردوودا دەستی بەسەر چەند ناوچەی دیکەی ئەفغانستاندا گرتووە.



**ئەی ئێف پی:**
ئەمەریکا کۆمەڵێک فڕۆکەی جۆری ئێف 22ی ڕەوانەی قەتەر کرد .




**فرانس 24:**
بۆ یەکەم جار لە سەدەی نۆزدەوە پلەکانی گەرما لە فەرەنسا گەیشتنە 45پلە .




**کەنالی ئار تی:**
لە ئەڵمانیا تۆمەتی پلاندانان بۆ ئەنجامدانی کردەوەی خۆپیشاوی ئاراستەی 8کەسی سەر بە بەرەی ڕاستڕەوی تووندڕەو کرا .

# بێنازەکانی هەولێر لەنێوەڕاستی سااڵنی حەفتاکان تا کۆتایی نەوەدەکان چۆن ژیاون؟


# ئیمپراتۆرییەتی هەیاس دەبێتە چەترێک بۆ کۆکردنەوەی تەواوی بێنازەکانی هەولێر



بەدواداچوون/ هێمن ئاری

لەم ڕۆژگارەی ئەمڕۆماندا، وای لێهاتووە لەزۆربەی کاتدا زۆرێکمان خۆزگە بە شێت بخوازین بۆ دەربازبوون لەجەنجاڵییەکانی ژیان و سەختی ڕۆژگاری ئەمڕۆماندا!.

















شێت، یاخود بڵێین بێنازەکان، ئەوانەن لەجیهانی پڕ ئاشوبی ئێمە دابڕاون و ، لەدنیایەکی تایبەت بەخۆیان دەژین کە پڕە لە جوانی و پاکی، پڕە لەڕاستگۆیی و دوورلەهەموو ئەو کردارانەی مرۆڤەکانی دی لەژیانی ڕۆژانەیاندا ئەنجامی دەدەن.

ئەوان پێچەوانەی دنیای ئێمە هیچ ڕق و قینێکیان لەدڵدا نییە، نەڕاستییەکان، نە بەها جوانەکانی ژیان ناشێوێنن....

هەر ئەوەش وایکردووە لە جیهانی ئێمە دابڕێن و لە جیهانێکی تایبەت بەخۆیان بژین..

هەر ئەوەش وایکردووە زۆرجار ، هەندێک لە مرۆڤەکان خۆزگە بەجیهانی ئەوان بخوازن تاوەک ئەوا لەئاڵۆزی و سەختییەکانی ژیانی دووربکەونەوە و بەئاسوودەیی بژین، کەچی ئەمەش ئەستەمە، جگە لەخەیاڵ لەهیچی دیکە ناچێت..

(بێنازەکانی شار)

ئەگەر سەیرێکی سااڵنی ڕابردوو بکەین، لەهەرشارو و ناوەیەکی جیادا کۆمەڵێک بێناز هەبوون ، بگرە زۆرجارانیش ناوی هەندێکیان وەک هەر بوارێکی دیکە لەبوارەکانی ژیان کە مرۆڤی تێدا بەبەهرەمەند یاخود هونەرمەند تیایدا دەناسرێت ، ئەو بێنازانە لەو بەهرەیە کە خودا پێیداون بوون بەناوێکی دیار و چەندین پشت ناوییان ون نابێت لەو نێوەندەدا.

بۆ نموونە، ئەگە ئاورێک لە سااڵنی زووی شاری هەولێر بدەینەوە دەبینین کۆمەڵە (شێت)ێک، یان بڵێین بێنازێک هەبوون تاهەنووکەشی لەگەڵدابێت خەڵک وەک نموونەیەکی جوانی ئەم شارە باس لە هەڵسوکەوت و سیفەتە جوانەکانیان دەکەن.

وەک ( حەمە شێت، هەیاس، بەرخۆکە، شەهابە شێت،بەیان، فاتە شێت، حەسەن پەنجاو پێنج، حەمۆ جەلیل،جومعە، کانەبی، .....)

ناوی ئەمانە بوون بەناوێکی دیار لەجوانییەکانی ئەم شارە لەکۆتایی سااڵنی حەفتاکان تا کۆتایی نەوەدەکانی سەدەی ڕابردوو .

نووسەر د.مەحەمەد عەلی عوزێری، وەک نووسەرێکی شاری هەولێر و لەڕوانگەی هەستکردن بەجوانییەکانی دنیای ئەو بێنازانە لەسەردەمی ئەوکاتدا لەشاری هەولێرو، بۆ ون نەبوونی میژووی جوانی بێنازەکانی شارەکەی، ژیانی ئەوان دەکات بەڕۆمانێک بەناوی ( ئیمپراتۆرییەتی هەیاس) و لەنێو ئەو ڕۆمانەدا ژیان و چەندین چیرۆکی ڕاستەقینەی بێنازەکان لە سااڵنی حەفتاکان تاکۆتایی نەوەدەکان دەخاتەڕوو.

## دنیایەکی جیاواز

مەحەمەد عەلی عوزێری ڕۆمانەنووس ئەمجارەیان لە نووسینی ڕۆمانێکدا باس لەژیانی ئەو کەسانەدەکات کە لەڕووی دەروونییەوە ناجێگیربوون لەشاری هەولێردا.

ئەو ڕۆمانەشی ناو ناوە ئیمپراتۆرییەتی هەیاس، هەریەک لە کارەکتەرەکان ناو ئەو ڕۆمانەش پێکهاتوون لە هەیاس ، جومعە ، شەهاب ، کسۆک ، بەرخۆکەو تەواوی شێتەکانی ئەو سەردەمە.

سەرەتا د.مەحەمەد عەلی عوزێری بۆ ڕۆژنامەی خەبات باسی لەبیرۆکە و چۆنیەتی دەستکەوتنی زانیاری لەسەر ژیان و بەسەرهاتەکانی ئەوان کرد وگوتی: لەم ڕۆمانەمدا باس لەو شێت یاخود بڵێین ئەو بێنازانە دەکەم لە نێوەڕاستی سااڵنی حەفتاکان و هەشتاکان لەژیاندابووین.خۆشی و ناخۆشی و بەسەرهاتەکانی ئەوانم کۆکردۆتەوە کەبەنەوەی ڕەش و سپی یان نەوەی جاران ناومان دەبەن. لەو سەردەمدا لەشاری هەولێر کەسانێکی پەپولە ئاسا هەبوون لەگەڵ ئێمە ژیانیان بەسەردەبرد، بەاڵم لە دنیایەکی جیاوازتر لە ئێمە دەژیان، ئەوانیش بێنازەکان بوون. ئەوان ژیانێکی تایبەت بەخۆیان هەبوو کە زۆرجاران سەرەنجی دەورو بەرەکانیان بەو هەڵسوکەوتانە بۆ خۆیان ڕادەکێشا کەتا هەنووکەش کردەوەکانی ئەوکاتیان جێگە سەرەنجن. هەموو ئەو بەسەرهات و هەڵسوکەوتانەیانم کۆکردۆتەوە و لە چوارچێوەی ڕۆمانێکدا دامڕشتووە.

## ئێمە لەدیدی ئەوان ونبوو بووین

هەروەها لەبەشێکی دیکەی قسەکانی ڕۆمان نووس دەڵێت : هەموو ئەوان لە شوێنێکدا کۆدەبنەوە و بەهۆی بێزاری و نامۆیان بە ئێمە ، ئێمەیان پێ ونبووە و ئێمە بەونبوون و سەرلێشێواو دەزانن. لەم نێوەندەدا دیالۆگێک لەنێوان ئێمە و ئەوان دروست دەبێت. ئەوان بە ئێمە دەڵێن ونبووەکان ئێمەش بەوان دەڵێین بێنازەکان. لەگێڕانەوە ئەم ڕۆمانەدا هیچ کامیان ئاگامان لە چۆنیەتی ژیانکردن و گوزەرانی یەکترد نەبووە.

هەروەها باسی لە هەڵبژاردنی ناوی ئیمڕاتۆرییەتی هەیاسکرد بۆ ڕۆمانەکەی و گوتی: لەهەولێر بەرخۆکە یەکێک بوو لە بێنازە جوانەکانی ئەم شارە،جاشەکان بۆ سێ هەزار سەربان بڕیو سەرەکەیان بەناوی پێشمەرگە دابەحکوومەت! بەرخۆکە، ئەگەر سەد فلست پێبدابووا ناوی سەد شێتی بەتەسبیحەکەی دەستی بۆ دەژمارد، تەسبیحێکی (١٠١)دەنکی بەدەستەوەبوو ،کە دانەیەک لەتەسبیحەکەی ئاوا دەکرد دەیگوت (مەلیکمە هەیاس ) ئەوان لەناو خۆیاندا هەیاسیان بە مەلیکی خۆیاندانابوو، دانە دانە ناوی شێتەکانی لەدوای یەک دەژمارد ، کە دەگەیشتە کۆتا دەنک دەیگوت ئەوەش بەخۆم بەرخۆکە شێتەکەکەمە! بەرخۆکە بەناوی ژمارەی شێتەکان نانی ڕۆژانەی خۆی پەیدا دەکرد، لەپاڵ ئەوەشدا خەڵک یارمەتی دەدا.

## ژیانی ئەوسام بۆ نەوەکانی داهاتوو گواستۆتەوە

هەروەها لە دێژەی قسەکانیدا عوزێری ڕۆمان نووس ئاماژە بەوەدەکات هەندێک شێت یان بێناز هەبوون لای هەندێک خەڵک بە شێت دانراوە، بەاڵم لای هەندێک لەخەڵکی دی وەلییەوالّ بووە و پێیانگوتووە سەید یان پیاو چاک ،مندالّی نەخۆشیان دەبرد بۆ لای تا لەڕێگەی ئەو پیاو چاکەوە خودا شیفای بۆ بنێرێت، یان ئافرەت هەمبوو مندالّی نەدەبوو دەچوو ئاوی بەردەمی ئەوی دەخواردەوە دەیگوت بەڵکو مندالّم ببێت. یان کچیان دەبرد بۆ لای دوعایان بۆ بکات تا قسمەتیان هەڵبستێت و شوبکەن .... هتد

دەشڵێت : هەموو چیرۆک و ئەو بەسەرهاتانەی ئەوانم لەڕێگەی ئەو ڕۆمانەوە وگواستۆتەوە بۆ نەوەی ئێستا و دوای خۆمان.

سەردەم و ساددەیی ژیانی ئەو سەردەمم خستۆتەڕوو کەخەڵک چۆن چۆنی ژیاوە، لەگەڕەکێک تەنها یەک مااڵ تەلەڤزیۆنێکی لەمپای ڕەش و سپی هەبووەو خەڵکی گەڕەک وون بەدیاربیەوە سەیربیانکردووە.

لەبەردەوامی قسەکانیدا باس لەژیانی هەندێکیان دەکات بەکورتی، بۆ نموونە هەیاس ، دەڵێت : مام کانەبی هەبوو خەڵکی کوران بوو، حەزی بەحەیران دەکرد ،زووزووش تووڕەدبوو، بەاڵم حەقی بەسەر هیچ کەسێکەوە نەبوو. هەیاس کەسێکی بەتوانا بوو. ئافرەتێک هەبوو ناوی بەیان بوو ،مامۆستابوو ، دوای ئەوەی لەپیاوەکەی جیابووە منداڵەکانی لێ سەندەوەباری دەروونی تێکچوو. دەخواردەوە دەیگوت بەڵکو مندالّم ببێت.

دوای ئەوە شوێکردەوە لەبازاڕ دەسوڕایەوە بۆ دواجار بەداخەوە بەهۆی سەرماو بێ شوێنییەوە کۆچیکرد. هەروەها جومعە بێنازێکی دیکە بوو بەاڵم قەت بەبێ جلوبەرگی جوان و کەشخە نەدەبینرا ، قسەکانیشی لەقەدەر خۆی نەبوو قسەی گەورەی دەکرد. شەهاب هەبوو کارگوزاری شارەوانی بوو ، زۆرجاریش لە نورینگە پزیشکییەکان کاری دەکرد.

حەمەشێت هەبوو بەوەلی ناوییان دەبرد

## حەمە وەلی بوو

## جومعە کەشخەترینی هەولێر بوو

جومعە ، شەهاب ، کسۆک ، بەرخۆکەو تەواوی شێتەکانی ئەو سەردەمە.

سەرەتا د.مەحەمەد عەلی عوزێری بۆ ڕۆژنامەی خەبات باسی لەبیرۆکە و چۆنیەتی دەستکەوتنی زانیاری لەسەر ژیان و بەسەرهاتەکانی ئەوان کرد وگوتی: لەم ڕۆمانەمدا باس لەو شێت یاخود بڵێین ئەو بێنازانە دەکەم لە نێوەڕاستی سااڵنی حەفتاکان و هەشتاکان لەژیاندابووین.خۆشی و ناخۆشی و بەسەرهاتەکانی ئەوانم کۆکردۆتەوە کەبەنەوەی ڕەش و سپی یان نەوەی جاران ناومان دەبەن. لەو سەردەمدا لەشاری هەولێر کەسانێکی پەپولە ئاسا هەبوون لەگەڵ ئێمە ژیانیان بەسەردەبرد، بەاڵم لە دنیایەکی جیاوازتر لە ئێمە دەژیان، ئەوانیش بێنازەکان بوون. ئەوان ژیانێکی تایبەت بەخۆیان هەبوو کە زۆرجاران سەرەنجی دەورو بەرەکانیان بەو هەڵسوکەوتانە بۆ خۆیان ڕادەکێشا کەتا هەنووکەش کردەوەکانی ئەوکاتیان جێگە سەرەنجن. هەموو ئەو بەسەرهات و هەڵسوکەوتانەیانم کۆکردۆتەوە و لە چوارچێوەی ڕۆمانێکدا

هیوایەتی ئاسن کۆکردنەوەبوو ، هەر ئاسنێکی دەستکەوت بووایە دەیخستە سەرشانی خۆی.

## ئازاردان و چێژ وەرگرتنی خەڵک

هەروەها لەدرێژەی قسەکانیدا بۆ ڕۆژنامەی خەبات باس ڕۆمانەنووس لەوەدەکات کەزۆر جاران لەلایەن منداڵیان کەسانی هەست نزم بۆ خۆشی خۆیان و پێکەنین ئازار دەدران، حەسەن پەنجاوپێنج هەبوو ،تەنها لەبەرئەوەی چاوی خڕ بوو گاڵتەیان پێدەکرد لەتەیراوە، ئەگەر پێتگوتبووا کاک حەسەن قسەی خۆش و حەیران و لاویکی بۆ دەگوتی، بەس پێتگوتبووا پەنجاوپێنج دەبوو بەئاگر. جومعە قۆزترین بێنازبوو ، شتێک جوان بووا وەرینەدەگرت.

## بڕیاری بێنازەکان لەقشڵەی هەولێر

ڕۆمانووس لەتەمەنی ئێستایدا و هەڵبژاردنی ئەم بابەتە خۆزگە بەژیانی ساددە و ڕەش سپی ئەو کات دەخوازێت بەبەراورد لەگەڵ ئێستادا.دەڵێت: جەژن بۆ جەژن پێاڵو و کراسێکمان دەکڕی لەبەرمان دەکرد . جل هەبوو سێ بڕای دوای خۆم کە بچوک بوون لەبەرییان دەکرد . ژیانی ئەوکات بەسادەییەکەوە خۆشبوو، لەگەڵ ئەوەش هێشتاکە لەو سەردەمدا بێنازەکان ئێمەیان پێ ونبووبوو. بۆ دواجار لەکۆتایی ڕۆمانەکەدا بێنازەکان بەبەکەوە کۆدەبنەوە دەچن بۆ قشڵەی هەولێر ، ئەویش قشڵەیەکی میژووی بێنازە تا ئێستا واماوەتەوە کەیەکێکە لە میژووە جوانەکانی ئەم شارە تەمەنی زێتر لە سێ سەد ساڵ دەبێت لەگەڕەکی عارەبان بەبڵۆک دەرگای گیراوە!

هەموو بێنازەکان لەوێ کۆدەبنەوە ، واز لەئێمە دێنن و دەڵێن ئەوانە دوورن لەئێمە ، هەموو بڕیاردەدەن ئێمپراتۆرییەتەک بۆخۆیان هەڵبژێرن بەناوی ئێمپراتۆرییەتی هەیاس و هەیاس دەکە بەسرۆکی خۆیان، جومعە دەکەن بوەزیری ڕۆشنبیری ، حەمەشێت بەوەزیری ئەوقاف هەڵدەبژێرن ، بەیان و کسۆک ... دوای هەڵدەبژێرن ، ژیانی ڕابردووی خۆیان دەگێڕنەوە.ئاماژەی بەوەشکرد ڕۆمانەکە لەمانگی ئابی ئەمساڵ دەکەوێتە بەر دەستی خوێنەران، بەو هیوایەم توانیبێتم هەم خزمەتێک بەخوێنەران هەمیش بە ون نەبوونی ژیان و گوزەران و پاکی بێنازەکان بکەم کە لەژیاندا نەماون.

**ڕۆمانووس د.مەحەمەد عەلی عوزێری:**

**بەسەرهاتی بێنازەکان و ژیانی ڕەش و سپی ئەو کاتم لە ئیمپراتۆریەتی هەیاس بۆ نەوەی داهاتوو گێڕاوەتەوە**

# کلاسیکۆی ئەمریکای باشوور

## بەرازیل و ئەرژەنتینا لە کۆتاییەکی پێشوەختەدا بەیەک دەگەن



دوای ئەوەی هەڵبژاردەی ئەرژەنتینا لە یاری چارەگی پێش کۆتایی توانی بە 0-2گۆڵ لە هەڵبژاردەی فەنزوێلای بردەوە، پیاوانی مێسی سەرکەوتن بۆ یاریی پێش کۆتایی پاڵەوانێتی جامی کوپا ئەمریکای 2019و لەو قۆناغەش لە یارییەکی ئاگرین و پێش وەختەی کۆتاییدا رووبەڕووی هەڵبژاردەی بەرازیلی خانەخوێ دەبنەوە.

میدیاکانی جیهان زۆر بەبایەخەوە باس لەو یارییەی خاوەن یاریگاو جەماوەر و پیازانی مێسی دەکەن و بە کلاسیکۆی ئەمریکای باشوور ناوی دەهێن و هەندێکیش بە یاریی کۆتایی پێشوەختەی کوپا ئەمریکا ناوزەدی دەکەن، بێگومان دۆراوی گەورە لەو یارییەدا، ئەو هەڵبژاردەیەیە کە دەدۆڕێت، چونکە ئەو دۆڕاوەی کە مالئاوایی دەکات یەکێک لە هەڵبژاردە پالێوراوەکەی کوپا ئەمریکای 2019یە.



## لەخولی نایابی فوتسالّی کچانی کوردستاندا:

# چۆمان و ئافرۆدێت و زێرەڤانی سەرکەوتنیان تۆمار کرد



**ئا: سەرهەنگ نەجمەدین**
**فۆتۆ: ئەردەلان هەولێری**

لەیاریەکانی گەڕی چوارەمەی قۆناغی دووەمی خولی نایابی فوتسالّی کچانی کوردستاندا، رۆژی **28/6/2019**لەشارۆ شاروچکەکانی کوردستان چەند یاریەکی گرنگ ئەنجامدرا، لەوانە لەشاری هەولێر و لەهۆڵە تازەکەی کچانی ئافرەتانی هەولێر ، هەردوو تیپی ئافرەتانی هەولێر و دوکان بەیەگەیشتن، لەئەنجامدا یاریەکە بەیەکسان بوونی هەردوولا بەپێنج گۆڵ کۆتایی هات و هەریەکەو خاڵێکی یاریەکەی بەرکەوت، یاریەکە بۆ ئافرەتانی هەولێر یەکەمین یاری بوو لەنێو هۆڵ و هاندەرانی خۆیدا، بەڵام بەخت یاوەریان نەبوو سەرکەوتن تۆمار بکەن، لەیاریەکی دیکەدا لەشاری سلێمانی، هەردوو یانەی ئافرۆدێت و هەڵەبجەی شەهید ڕووبەڕووی یەکتربوونەوە، لەئەنجامدا ئافرۆدێت بەئەنجامی **6-2** گۆڵ توانی لەهەڵەبجەی شەهید بباتەوە **3**خاڵی گرینگی لەسەر دەستی ئەو یانەیە مسۆگەر کرد، بەم بردنەوەیە ئافرۆدێت دوای کۆکردنەوەی **21**خاڵ لەپلەی یەکەمی ریزبەندی کۆمەڵەی دووەمدا جێگیر بووە، هەڵەبجەی شەهیدیش بەکۆکردنەوەی **6**خاڵ هەر لەپلەی چوارەمدا مایەوە.

ئەنجامی یاریەکانی دیکەیش بەمشێوەیە بوو:

زێرەڤانی *6سێمێل **4**
پیرەمەگروون *0سەورە**8**
زانکۆی جیهان *6چۆمان **7**

ڕیزبەندی گرووپی یەکەمی تاپلەی سێیەم بەمشێوەیە دەبێت:

گرووپی یەکەم: **1-**چۆمان **25**خاڵ **2-** سیروانی نوێ **25**خاڵ **3-**زانکۆی جیهان **18**خاڵ.

گرووپی دووەم: **1-**ئافرۆدێت **21**خاڵ **2-** سێمێل **19**خاڵ **3-**سێمێل **13**خاڵ

## ڕیزبەندی گۆڵکارانی مۆندیالی ئافرەتان

ئیلین وایت لە ئینگلّتەرا **5**گۆڵ
ئەلیکس مۆرگان لە ئەمریکا **5**گۆڵ
سامانتا کیر لە ئوسترالّیا **5**گۆڵ
کریستیانی لە بەرازیل **4**گۆڵ

# بەنرختترین گۆڵچییەکانی جیهان کێن؟



شوێنی گۆڵپارێز یەکێکە لە گرنگترین شوێنەکانی وەرزشی تۆپی پێ، لەبەر ئەوەی گۆڵچی تاکە بەرپرسی یەکەمی پاراستنی تۆڕی تیپەکەیەتی، لەوانەیە لەهەر هەڵەیەکی بچووک ببێتەهۆی هەژاندنی تۆڕەکەی، بەمەش کاریگەری دەبێت لەسەر ئەنجامی یارییەکە.

هەربۆیە یانەکان هەمیشە کار لەسەر دابینکردنی باشترین گۆڵچی دەکەن بۆ وەرگرتنی ئەم ئەرکە، بێگومان هەمیشە گۆڵچییەکانیش نرخیان زۆرن، لێرەدا لیستیکی بەنرخرین ئەو 5گۆڵچییە لە مێژووی تۆپی پێ دەخەینە ڕوو:

1- کیپا ئاریزابالاگا گۆڵچی یانی چێلسی کە لە یانەی ئەتلەتیکۆ بیلباو فرۆشرا بە 80ملیۆن یورۆ.

2- ئەلیسۆن بیکەر کە بەبڕی 75ملیۆن یورۆ لە ڕۆماوە چووە یانەی لیڤەرپوول.

3- جیانلویجی بۆفۆن گۆڵچی یانەی پاریس سان جێرمان لە ساڵی 2001لە یانەی پارماوە بەبڕی 52.80ملیۆن یورۆ چووە یۆڤینتۆس.

4- ئەدیرسۆن مۆرایس گۆڵچی یانەی بەنفیکا بەرامبەر بە 40ملیۆن یورۆ چووە یانەی مانچستەر سیتی.

5- مانوێل نوێر گۆڵچی یانەی شالکە لە ساڵی 2011بەرامبەر بە 30ملیۆن یورۆ چووە یانەی بایرن میونیخ.

# میرتینیز:

## هیوات بۆ سبەی هەبێت

ئیلیز میرتینزی کچە تێنسزانی بەڵژیکی پۆستیکی جوانی لە والی تایبەتی خۆی (تۆڕی کۆمەڵایەتی) لە تویتەر بۆ خۆشەویستانی خۆی بڵاوکردۆتەوە .

بەر لە چەند ڕۆژێک لە دەستپێکردنی پاڵەوانێتی کراوەی ویمبڵدۆن بۆ تینسی ئافرەتان کە یەکێکە لە چوار پاڵەوانێتییە گەورەکەی گراند سلام، میرتینز لە تویتێکدا نوسیویەتی: لە دوێنێ فێربە، بۆ ئێستا بژی، هیوات بۆ سبەی هەبێت.

# ئەلان: هیوا خوازم ڕۆدریگز بێتە ناپۆلی

ئەلان لیلان، یاریزانی هەڵبژاردەی بەرازیل و یانەی ناپۆلی ئیتاڵی، باسی ڕاهێنەری پێشووی یانەکەی، ماوریسیۆ ساری، کرد کە ئێستا بووەتە ڕاهێنەری یانەی یۆڤانتس. لە سایەی ڕکابەری و پەیوەندی خراپی نێوان جەماوەری یۆڤانتس و ناپۆلیدا، چوونی ساری بۆ یۆڤی، بووەتە هۆی توورەبوونی جەماوەری یانەکەی باشووری ئیتاڵیا. لەمبارەیەوە ئەلان لێدوانی بۆ ماڵپەڕی کالچیۆ مبرکاتۆ دا و وتی:" ساری ئازادە لە هەڵبژاردەکانی، ئەو یۆڤانتسی هەڵبژارد، ئەوەش ویستی خۆیەتی". هەروەها وتی:"هەموو هەوڵێک دەدەین، بۆ ئەوەی لێی ببەینەوە، چونکە ئەو ئێستا ڕکابەری ئێمەیە". ئەلان لە بارەی ئەگەری چوونی خامیس ڕۆدریگز، یاریزانی ریال مەدرید بۆ ریزەکانی ناپۆلی وتی:"خامیس یاریزانێکی نایابە، هیوا خوازم بێتە لامان. ئەو بەهۆی ئەو ئەزموونەی هەیەتی، سوودی زۆری بۆ ناپۆلی دەبێت، چونکە یاری بۆ گەورەترین یانەکانی جیهان کردووە، وەکو ریال مەدرید و بایرن میونخ". شیاوی باسکردنە، ناپۆلی، لە ژێر سەرپەرشتی ڕاهێنەر، کارلۆ ئەنچیلۆتی دا، پارەکە لە پلەی دووەمی خولی ئیتاڵیا گیرسایەوە، بەمەش بەشداریی لە خولی یانە پالەوانەکانی ئەوروپای وەرزی داهاتوو دەکات.

**ڕەمزی مەردکانی**

بۆ ڕێکلام کردن پەیوەندی بکەن بە:
0750 906 9595
یان ئیمەیڵی:
reklam@xebat.net
بەشی ئاگادارییەکان:
0750 588 1616

سەرنووسەر
سەلام عەبدوڵڵا
tel: 0750 445 9940 selam@xebat.net
0770 2969696
بەڕێوەبەری هونەری
شکار نەقشبەندی
shkaraffan@gmail.com

خاوەنی ئیمتیاز
عەلی عەبدوڵڵا
سکرتێری نووسین
دڵشاد مستەفا وەسانی
dilshadmstafa@yahoo.com

KHABAT Daily Newspaper Kurdistan - Iraq
Organ of KDP
Concessioner: Ali Abdulla
Editor-in-chief: Salam Abdulla
info@xebat.net
www.xebat.net

خەبات XEBAT
Sun, 30. Jun. 2019 No: (5778)
ناونیشان: هەولێر- شەقامی سەرەکی مەسیف سەلاحەدین - بەرامبەر وەزارەتی پێشمەرگە . میدیا سەنتەر


# تۆڕی سینەما و تەلەفزیۆنی عێراق، ڤیستیڤاڵی سینەما و تەلەفزیۆنی خانەقینی سازدا



**خەبات: فاتمە قاسم حەبیب**

لەژێر ناوی هونەر خەزێنەیەکە لە خەزێنەکانی وڵات ، لە هۆڵی شەهید سەلام بەئامادەبونی دەیان لە سینەماکاران و هونەرمەندان و ڕۆشنبیرانی شارەکانی خانەقین و بەغدا و بەسرا تۆڕی سینەما و تەلەفزیۆنی عێراق ڤیستیڤاڵی سینەما و تەلەفزیۆنی خانەقینی سازدا.

جێی ئاماژەپێکردنە ڤیستیڤاڵەکە لەڕۆژانی 27-28ی حوزەیرانی 2019بەردەوام بوو دەیان کورتە فلیمی لەکوردستان و عێراق نمایش کران وهەروەها چەندین پارچە شیعر و گۆرانی پێشکەش کران . لە کۆتاییشدا خەلات دابەش کرا بەسەر بەشداربوانی ڤیستیڤاڵەکە ، هەروەها خەلاتی تایبەتی ڤیستیڤاڵ بەخشرایە ڕۆژنامەی خەبات . لەم بارەیەوە بەڕێوبەرانی ڤیستیڤاڵەکە ڕایانگەیاند ئەم خەلاتە لەپای ئەو خزمەتە بەردەوامەی ڕۆژنامەی خەباتە کە دەنگی خانەقین دەگەینێتە رای گشتی ، ئومێد دەکەین لە ئایندەش خەبات لەگەیاندنی دەنگی خانەقین بۆ شەقامی کوردی ورای گشتی بەردەوام بێت .



## مومتاز حەیدەری.. سەلامەتییە

بەداخەوە دوێنێ نووسەرو ڕۆژنامەنووسی گەلەکەمان مامۆستا مومتاز حەیدەری کەوتە نەخۆشخانە، لەخوا داواکارین شیفای خێرای بدات.

مامۆستا مومتاز بەشی هەرە زۆری تەمەنی لەخزمەتی نووسین و ڕۆژنامەنووسی و بڵاوکردنەوەی کولتووری خوێندنەوە دۆستایەتی کتێب تەرخان کردووە، هیوادارین بە تەندروستییەکی باشەوە بگەڕێتەوە.

دووبارە سەلامەتییە مامۆستا مومتاز.

خەبات



## بڕینەوەی مەڕو مااڵت



## بێنازەکانی هەولێر و ئیمپراتۆریەتی هەیاس لەبەدواداچوونێکی خەباتدا

**هێمن ئاری:** نووسەر د.مەحەمەد عەلی عوزێری، وەک نووسەرێکی شاری هەولێر و لەڕوانگەی هەستکردن بەجوانییەکانی دنیای ئەو بێنازانە لەسەردەمی ئەوکاتدا لەشاری هەولێر و، بۆ ون نەبوونی میژووی جوانی بێنازەکانی شارەکەی، ژیانی ئەوان دەکات بەڕۆمانێک بەناوی ( ئیمپراتۆرییەتی هەیاس) و لەنێو ئەو ڕۆمانەدا ژیان و چەندین چیرۆکی ڕاستەقینەی بێنازەکان لە ساڵانی حەفتاکان تاکۆتایی نەوەدەکان دەخاتەڕوو، کە بڕیارە لەم ساڵەدا بڵاوبێتەوە. **(لەمبارەیەوە ڕاپۆرتێکی تێروتەسەل لەلاپەڕە 14 بخوێنەوە).**

# سااڵنە 2050 ژمارەی دانیشتوانی جیهان دەگاتە 9.7 ملیار



نەتەوە یەکگرتووەکان ڕایدەگەیەنێت تەمەنی دانیشتوانی جیهانی بە شێوازێکی لەسەخۆ پیرتر دەبن بەاڵم لەگەڵ ئەوەشدا چاوەڕان دەکرێت هەتا ساڵی 2050لە 7ملیارو 7سەد ملیۆنی ئێستاوە زیاد بکات بۆ 9ملیار و 7سەد ملیۆن.ڕاپۆرتەکەی نەتەوە یەکگرتووەکان کە لە ڕۆژی دووشەمە باڵو کرایەوە ئاماژە بەوەش دەکات ژمارەی دانیشتوانی جیهان هەتا کۆتایی ئەم سەدەیە ڕەنگە بگاتە نزیکەی 11 ملیار.بەڕێوەبەری بەشی دانیشتوانی وەزارەتی ئابوری و کاروباری کۆمەاڵیەتی نەتەوە یەکگرتووەکان، جۆن ویلموت لەم بارەیەوە هۆشداری دا چونکە ساڵی 2100هێشتا چەندین دەیەی تری ماوەو و ڕەنگە ئەو ئاستە زووتریش بێت.ڕاپۆرتی پێشبینی نوێی ڕێژەی دانیشتوانی جیهان ئاماژە بەوەش دەکات 9 وڵات بەرپرسیارن لە زیاتر لە نیوەی زیادبوونی دانیشتوانی جیهان لە ئێستاوە هەتا ساڵی 2050.ڕیزبەندەکەش بەم شێوەیەیە: هندستان، نایجیریا ، پاکستان، کۆنگۆ، ئیتیۆپیا ، تانزانیا ، ئیندۆنسیا ، میسر و وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا.ڕاپۆرتەکە دەڵێت لە وڵاتانی باياباني ئافریکا ڕێژەی دانیشتوان هەتا ساڵی 2050 دەبێتە دووهێندە.جێگری سکرتێری گشتی نەتەوە یەگرتووەکان بۆ ئابووری و کاروباری کۆمەاڵیەتی لو ژینمین لە بەیاننامەیەکدا دەڵێت " بە پەلەترین زیادبوونەکانی دانیشتوان زیاتر لە وڵاتە هەژارەکاندان، لە کاتێکدا زیادبوونی ڕێژەی دانیشتوانەکەیان ئاستەنگی زیاتر بۆ هەوڵەکانی ڕووبەڕووبوونەوەی هەژاری، بەرەوپێشبردنی یەکسانی جێندەر و باشکردنی خزمەتگوزاری تەندروستی دەهێنێتە گۆڕێن. ،ڕاپۆرتەکە ئەوەش پشتڕاست دەکاتەوە کە دانیشتوانی جیهان تەمەنیان زیاتر دەبێت و ئاستی لە دایک بوونی منداڵ کەمتر دەبێتەوە.ڕێژەی لە دایک بوونی منداڵ لە جیهاندا کەم بۆتەوە. لە ساڵی 1999بە 10ژن 32 منداڵ لە دایک دەبوون بەاڵم ئەم ڕێژەیە لە ساڵی 2019 کەمبۆتەوە بۆ 25منداڵ و ڕاپۆرتەکە دەڵێت چاوەڕوان دەکرێت هەتا ساڵی 2050 بگاتە 22منداڵ.بە پێی ئەو ڕاپۆرتە پێویستە ڕێژەی لە دایک بوون بۆ 10ژن 21منداڵ بێت تا گۆڕانکاری لە دانیشتواندا مسۆگەر بکرێت و ئاستی دانیشتوانیش کەم نەبێتەوە.لە ساڵی 2019، ڕێژەی لە دایکبوون لە وڵاتانی بیابانی ئافریکا لە بەرزترین ئاستدا بوو و لە 10ژندا 46منداڵ لەدایک ببون.بەاڵم لە ساڵی 2010وە لە 27وڵات یان ناوچەی جیهاندا ڕێژەی لە دایکبوون کەمبۆتەوە.ڕاپۆرتەکە ئاماژە بەوەش دەکات هۆی تووندوتژییەکان ژمارەیەکی زۆری خەڵکی ئاوارە بوون و بەمەش هەندێک وڵات ڕێژەی دانیشتوانی بەشێوەکی بەرچاوە دابەزیوە چونکە خەڵکێکی زۆر کۆچ دەکەن و ژمارەیەکە لە وڵاتانی جیهانیش ڕێژەکەیان بە ئاستێکی زۆر زیادی کردووە چونکە پەنابەرێکی زۆر ڕوویان تێدەکەن.

# کاریگەری ڕژێمی خۆراکی پڕچەوری لە سەر قەڵەویی و تووشبوون بەخەمۆکی



لە ماڵپەری زانستی جنینگ نیوز بابەتێکی زانستی بە ناونیشانی " کاریگەری ڕژێمی خۆراکی پرچەوری لە سەر قەڵەویی و تووشبوون بەخەمۆکی"، باڵو کراوەتەوە ، کە لە چەند بەشێکیدا هاتووە ..توێژەران سەرکەوتنیان لە بە دەستهێنانی شێوازێک بەدەسهێنان کە بۆ چی ئەو کەسانەی کە خۆراکی چەور دەخۆن تووشی خەمۆکی دەبنەوە. توێژینەوەکانی رابردووش پیشانی دابوو کە ئەو کەسانەی کە تووشی خەمۆکی دەبنەوە زۆرتر تووشی قەڵەویی و زیادبوونی کێشی لەش دەبنەوە .توێژەران ، دوای کەلەکەبوونی تورشیبە چەورەکان لە سەر میشکی مشکەکان کاریگەریان لە سەر سەلامەتی دەروونی و گۆرانکاری هەڵسووکەوتەکانیان تاوتوێکرد ،ئەنجامی توێژینەوەکان پیشانی دا ، کە رژێمی خۆراکی پر چەور ، کاریگەری لە سەر ئەو بەشەی میشک کە بە " هیپۆتالامۆس" ناسراوە زیاترە. ئەو بەشەی میشک ئەرکی ڕێکخستنی ئەو هۆرمونە جیاوازانەیە کە یارمەتی بڵابوونەوەی خوێن دەدەن .بە ووتەی توێژەران " تورشی پالمیتیک "، ئەو جۆرە تووشیبیە کە لە نێو زۆربەی ماددە خۆراکییانەیە وەک " پیالم ، ڕۆنی زەیتوون، پەنیر ، کەرە ، مارگارین و هەندێک لە بەرهەمە گۆشتییەکان بوونیان هەیە. ئەو جۆرە چەوربیە ڕێگری لە تووشبوون بە قەڵەویی دەگرێت ، لە هەمانکاتیشدا ڕژێمی خۆراکی ناتەندروست دەبێتە هۆی تووشبوون بە زیادبوونی کێش و قەڵەویی و ئەگەر تووشبوون بە خەمۆکی زیاتر دەکات .